کرێکارانی جیهان یەگرن!

پێشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٧-نیوەی ئەوەڵی گوڵان ١٤٠٢-مەی ٢٠٢٣

1 MAYIS

پیرۆز بێت ١ی مەی ڕۆژی کرێکار

کرێکاران, کۆمەڵانی چەوساوە و زەحمەتکێش!
ئەوەڵی مانگی مەی, ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار, بەڕێوەیە.
هاوزنجیران و هاوچارەنووسانی ئێمە لە سەرتاسەری جیهان, خەریکن خۆیان بۆ بەرپاکردنی ئەو جەژنە شکۆدارە ئامادە دەکەن! لەوڕۆژەدا, ئەرتەشی جیهانیی چینی کرێکار, ئەرتەشی بێبەشان و چەوساوەکان, کوردانەکانی خۆی لە کۆشە و کەناری جیهان دێنێتە خیابان. لەوڕۆژەدا شەقامەکان و چواڕێکان و مەیدانی شارەکان پڕ دەبن لە ڕیزی لێک هەڵپێکراوی کرێکاران و شەپۆلی دەست و مست و ئاڵای سوور. لەوڕۆژەدا بەشەرییەتی چەوساوە بە پانایی جیهان بەیەک کەروو هاوار دەکا: بەسیەتی بڕسێتی, بەسیەتی زوڵم و زۆر, بەسیەتی ژێردەستی!
لەوڕۆژەدا سنووری نێوان نەژادەکان و میللیەتەکان و زمانەکان و مەزهەبەکان و ڕەنگەکان تێک دەشکێ و بەرینایی جیهان دەچێتە دوو دیوی یەک سنوور: سنووری نێوانی چەوساوە و چەوسێنەر!
لەوڕۆژەدا, ئەرتەشەکانی بورژوازی, دەزگاکانی پۆلیس, سیخوڕەکان و قەدارەبەندانی نۆکەری سەرمایە, هەموویان بەرانبەر بە هەنگاوی یەکگرتووی چینی کرێکار ئامادەباشن!
با لەم ڕۆژەدا کرێکارانی کوردستانیش, لەم گۆشەیەی جیهانەوە, دەست و دەنگیان تێکەڵ دەست و دەنگی هاوچارەنووسانی جیهانیی خۆیان بکەن.
با لەم ڕۆژەدا, هاواری عەدالەتخوازیمان بە نرکەی هەورئاسا بە گوێی نۆکەرانی سەرمایەدا بدەن و ڕابگەیەنین:
ئێمە جیهانی بەختەوەریی خۆمان, جیهانی ئازادی و بەرابەری, بە ڕووخانی دەسەڵاتی ئێوە بەرپا دەکەین.

له ماوەی ٩ مانگدا ٢٠ هەزار کچی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ هاوسەرگیریان کردووە 9

★ سیاسەتی کۆمەڵە سەبارەت بە هاوکاری و کاری هاوبەش لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان (وتویژی پێشرەۆ لە گەڵ جەماڵ بوزورگپور) 4

★ وەلام بە چەند پرسیار: (وتوێژ لە گەڵ ئیبراهیم علیزادە) 6

★ شەقامی سور و شانۆی بێسنوور 8

★ پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکاری ٢٠٢٣ 10

★ ئامار و داتاکان ئاماژە بە دابەزینی ئامادەبوونی خەڵک لە مزگەوتەکان،ڕۆژووگرتن و دانی زەکاتی کەمتر دەکەن 3

سەروتار

زەختی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەریمی کوردستان و سیاسەتی کۆمەڵە

شۆڕشی "ژینا" لە ئێران گۆرانکاریەکی بێ وێنەیە لە مێژووی سیاسی ٤٤ساڵی ڕابردووی ئێراندا. ئەم شۆڕشە ماوەی پتر لە ٧ مانگە بەردەوامە و بەردەوامی و زیندوو بوونیشی هەم لە خەباتی ڕۆژانەی ژنان و پیاوانی ئەو وڵاتە و لە سەنگەری جواروجۆردا دەبینین و هەم لە کاردانەوەی دوژمن واتە قسە و عەمەلی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

بروسکەی ئەم شۆڕشە لە کوردوستانەوە لێدرا و هەر ئەو ڕاستیە وایکردۆە کە کۆماری ئیسلامی هەوڵەکانی لە دژی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان چڕتر کاتەوە. لەو پێناوەدایە کە هەوڵدەدات بۆ بەربەست دانان لە حزور و چالاکی حیزبەکانی ڕۆژهەلات لە هەرێمی کوردستان زەخت بخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەو زەختە هەم هێرشی بە موشەک و درۆن بۆ سەر مەقەر و بارەگاکانی حیزبەکان لە قولایی خاکی هەرێمدا بۆە و هەم ناردنی هەیئەتی جوارجۆر و لە ڕێگەی دیپلۆماسیەوە.

چاوخشاندنێکی ووردتر بە سەر سیاسەتی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێت کە بەرتەسک کردنەوەی چالاکی ئەپۆزسیونی لە هەرێمی کوردستان ئامانجێکی لاوەکیە و کۆماری ئیسلامی بە شوێن گەیشتن بە ئامانجی دیکەوەیە و ئوپوزسیون ڕۆژهەلات لە هەرێمی کوردستان بیانو و پاساوی ئەو سیاسەتەیە.

یەکەم: دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری هەرێمی کوردستان، تەنانەت موشەکباران و تۆپباران کردنی مەقەر و بنکەکانی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات، حەرەکەتێکی تازە نیە و پێشینەیەکی هەیە.

دریژە ی ل٢

داسەپاندنی هەژاری وفەلاکەت وەک ئامرازێکی سەرکوتی کۆمەڵ ! 5

کۆڵبەری؛ڕەنجە بێ کۆتاییەکانی کوێستان 3

هاروهاجی قوتابیان یان تیرۆریزمی شیمیایی کۆماری ئیسلامی؟ 9

دریژە ی : (سەروتار)

زەختی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و سیاسەتی کۆمەڵە

سپای پاسداران لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا گەلێک جاران تۆپبارانی سنورەکانی هەرێمی کوردستان وتەنانەت قووڵایی خاکی ئەو هەرێمەشی کردوە. هەموو پاساوەکەشی ئەوە بووە، کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردوستانی ئێرانی لێیە. بەڵام بۆ ئێمە ئاشکرایە، کە ئامانجی ئەم پەلامار و هێرشانە لە هەمانکاتدا شکاندنی سەروەری حکومەتی هەرێم بووە بە مەبەستی نیشاندانی ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە بە ڕەسمی ناناسێت، پێیانوایە حکومەت لەم سنورەدا نییە و هەر کات بیانەوێت دەتوانن سنورەکەی بەزێنن. لە بیرمانە کە لە ساڵی (١٩٩٦) زاینی لە باشماخەوە سنوریان بەزاند و یەکسەر خۆیان گەیاندە شاری کۆیە لە قوڵایی هەرێمی کوردستاندا و تۆپبارانی بارەگای حیزبی دێموکرات یان کرد. بەڵام خۆشیان ئەوە دەزانن، کە لەو تۆپبارانەدا یەک کەس خوێن لە لوتی نەهات. کە وایە ئامانجی سەرەکی لەو سنور بەزاندنە زەربەدان لە حیزبی دێموکرات نەبوو، ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ بوو، ئەوەبوو کە لەشکری ئێران بەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا بێت و حکومەتی هەرێم لەبەرچاوی خەڵک بچووک بکەنەوە و سوکایەتی پێ بکەن.

دووهەم: کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی تورکیا لە

سیاسەتی کۆمەڵە سەبارەت بە هاوکاری و کاری هاوبەش لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان (وتوێژی پێشرەو لە گەڵ جەماڵ بوزورگپور)

ڕوونکردنەوەی پێشرەو: لە ماوەی ڕابردوودا بەڵگەنامەیەک بە ناوی «سیاسەتی کومەڵە لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاری لایەنە سیاسیە چالاکەکانی کوردستان» لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە بڵاوکرایەوە کە هاوکات لە ژمارە ٤٢٦ی پێشرەوشدا هاتبوو. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئەم بەڵگەنامەیە، پێشرەو بە پێویستی زانی کە لەم ژمارەیەدا لەگەڵ هاوڕێ جەماڵ بوزورگپوور، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، هەندێک لایەنی ئەم بەڵگەنامەیە ئاوتێوێ بکات. لە خوارەوە دەقی ئەم گفتوگۆیە دەخوێنرێوە.

پێشرەو: لەم دواییانەدا بەڵگەنامەیەک لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە ناونیشانی «سیاسەتی کۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاری لایەنە سیاسییە چالاکەکانی کوردستان» بڵاوکرایەوە، مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە چی بوو؟

وەڵام: ئەو بەڵگەنامەیەی کە پرسیارەتکرد، پێشتر لە کۆنگرەی ١٥ی کۆمەڵە لە ساڵی..... پەسەند کرا و بوو بە بەندەای چالاکییەکانمان سەبارەت بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە سیاسییە چالاکەکانی کوردستان. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانی کەشوهەوای سیاسی کوردستان بەتایبەتی بەدەوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و ئەو جێگە و پێگەیەی کە کوردستان لەم بزووتنەوەیەدا لێی بەهرەمەند بوو، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لەژێر تیشکی ئەو خاڵانەی کە بەسەرا تیۆری و ستراتیژیەکانی شی دەکرەدەو، بە پێویستی زانی ڕاستەوخۆ بچێتە سەر ئەو بڕگانەی پەیوەستن بە پێویستی هاوکاری و ئەو بوارانەی کە تیمکانی کاری هاویەشیان هەیە و بە نوێکردنەوەی ئەم سەندە جارێکی دیکە بیرەوڕای گشتی و لایەنە سیاسییەکان و چالاکانی کوردستان بەرەولای ئەم بابەتە گرنگە ڕابکێشێت. وەک لە پێشەکی بەڵگەنامەی هاوکاریدا ئاماژەی پێکراوە، کۆمەڵە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لە ئاست بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و پێشکەوتن و بەهێزکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا. پێشنیارکردنی بەڵگەنامەیەکی لەو شێوەیە کە بنەمای هاوکاری لایەنە سیاسییەکان و چالاکوانانی کوردستانە، یەکێکە لە ڕێگاکانی بەرەوپێشبردنی بەرپرسیارێتییەکی لەو شێوەیە.

پێشرەو: بۆچی هاوکاریی لایەنە سیاسییەکان و هەڵسوڕاوانی کوردستان بە گرنگ دەزانێت و بۆچی پێتوایە ئەم هاوکارییە بە ئامانجی بەهێزکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە؟

وەڵام: کوردستان کۆمەڵگەیەکی خاوەن مەیل و بۆچوونی سیاسی فرەچەشنە، کە بۆخۆی دەرئەنجامی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵگایەکە کە تێیدا مەیل و بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا نامانج و بەرنامە و ستراتێژی خۆیان خستۆتەڕوو. بێگومان ئەمە تاکە تایبەتمەندی کوردستانیش نییە، بەڵکو تایبەتمەندییەکانی گەشە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا جیاوازەکانە لە سەردەمی سەرمایەداریدا. ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پێش هەموو شتێک لە بوونی ستەمی نەتەوەیی لەم کۆمەڵگایەدا سەرچاوە دەگرێت، هەرچەندە بارگرانی ستەمی نەتەوەیی بە یەکسانی ناکەوێتە سەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵام هەموو ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشێک لە باری ئەم ستەم و جیاکاری و چەوساندنەوەیە دەکەوێتە سەر شانیان. ناراستەکردنی جیاوازییە بەرنامەیی و سیاسییەکانی لایەنە چالاکەکانی کوردستان لەوە ڕەنگەیەوە گرنگە کە یەکەم: تێیەڕاندنی ئەو ناستەنگانەی کە ڕەنگە نەبوونی هاوکاری و ئاتەپایی تێیان لایەنەکان بۆ بەدیهێنانی خواستە هاوبەشەکان لە کۆمەڵگادا دروستی بکات، ئاسانتر و مومکینتر دەکات و دووەم: ئەک هەر لێکترازان و دابەشبوون لە کۆمەڵگادا کەم دەکاتەوە، بەڵکو ئەگەری دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی نانەوەش لەلایەن حکومەتەوە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خۆیدا سنوردار دەکات.بە تایبەتی ئەم بابەتە لە کوردستاندا لەو ڕەنگەیەوە گرنگتر دەبێت کە بەهۆی ئەو هۆکارە ڕوونانەی کە تایبەتمەندی بزووتنەوەکەن لە کوردستان، لایەنە سیاسییە چالاکەکان چەکدارن، ئەم پرسە زەروورەتی هەبوونی بنەمایەک بۆ ڕێکخستنی هاوکاری و هەماهەنگی دوو هێندە زیاتر دەکات. لەبیرمان نەچێت ساڵانێک لەمەوبەر لە کوردستان شاهیدی دەرئەنجامە ناخۆش و نەخوازاروەکانی پایەندنەبوون بە پرەنسیپەکانی چالاکیی سیاسی ئازاد بووین، کە بەداخەوە زیانێکی زۆری لێکەوتەوە. ئەمەڕۆ لە هەلومەرجێکی دیکەدا بە دەرس وەرگرتن لەو ئەزموونە تاڵانە بە تایبەت لە دۆخێکی پڕلە تاڵوگۆڕی سیاسی کە بەهۆی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە ئێران و کوردستاندا دروست بووە، هەوڵدان بۆ شکڵگرتنی ڕێککەوتنێک کە هەموو لایەنەکان لە پەیوەندییەکانی خۆیاندا و بە تاراستەی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵکی کوردستان پێی پایەندبن، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

پێشرەو: پێتوایە بوونی یادداشتێکی لێکتێگەیشتن یان وەک دەڵێیت گرێبەستێک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حیزب و لایەنەکان بەسە بۆ ئەوەی دەرس لە ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو وەربگرین؟

وەڵام: بێگومان شتێکی باشە، بەڵام بەس نییە. گرنگییەکەی لەو بارودۆخە گۆڕاو و جیاوازە سیاسییەدایە کە ئەم بەڵگنامەیەی تێدا دێتە گۆڕێ. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و هەموو نێرانی گرتەوە،خەڵکی کوردستان وەک پێشەنگی ئەم بزووتنەوەیە، لە ئاوەندی بیروڕای گشتی لە نێراندان. هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەم دۆخە ناچارمان دەکات دوور لە بەژوەندی بەرتەسکی حیزبی، بیر لەم بزووتنەوە و پێداویستییەکانی گەشەکردن و فراوانبوونی بکەینەوە. لەم ڕووەوە دەبێت بگوترێت ئەو بەڵگنامەیە لە بۆشاییدا دروست نەبووە، بەڵکو لە دڵی ئاراو هەلومەرجێکدا هاتووەتە ئاراوە و هەوڵێ وڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەم سەردەمە دەدات. مەبەست لە بەڵگنامەکە دەستەبەرکردنی ژێرترین هاوکاریی نێوان لایەنە چەکدارەکانە. پاڵپشتییە کۆمەڵایەتیەکەی بریتییە لە بوونی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسیدا و لە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی ئەم کۆمەڵگایەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەهیوای ئەوەی بتوانێت پەیوەندیی لایەنە سیاسییە چالاکەکان ئاراستە بکات و زەمینەی هاوکارییەکان بەهێزتر بکات.لەبیرمان نەچێت کە ڕووداوە تاڵەکەی شەڕی ئاوخۆی کوردستان کاتێک ڕوویدا کە خەڵکی کوردستان بەهۆی کەم کۆنگرەییەکانی ڕژێم و داگیرکردنی ناوچە کوردستانییەکان، لە بەشداری ڕاستەوخۆ لە پێشهاتە سیاسییەکان دوور کەوتنەوە.

پێشرەو: مەبەستی ئەمەدەکە کام حیزب و لایەنی سیاسی چالاک لە کوردستانە؟ مەبەست ئەو حیزب و ڕێکخراوانەیە کە لە کوردستان چالاکن و هەرکامەیان خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتین. ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە یەکێک لە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان وانە لابردنی ستەمی نەتەوەیی بە ئەرکی هەنووکەیی خۆیان دەزانن و کار بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

پێشرەو: بەم پێناسەیەی ئێوە دوو پرسیار دێتە پێشەوە، یەکەم: لایەنە سیاسییە چالاکەکان هەریەکەیان بەرنامەی جیاوازیان هەیە بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، چۆن دەکرێت بەرنامەی جیاواز هەماهەنگ بکرێن؟ دووەم، تۆ باس لە نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی وەک یەکێک لە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەیت، خواستەکانی دیکە چین و ئایا ئەم هاوکارییە ویست و داواکارییەکانی دیکەی خەڵکی کوردستانیش لەخۆ دەگرێت؟

وەڵام: بەڵێ ڕاستە هەر لایەنێکی سیاسی نوێنەرایەتی ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەکات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، مەبەست لە هاوکارییە هەڵێنجانی خاڵە هاوبەشەکانی ئەو بەرنامانە نییە، بەڵکو ئامانج هەماهەنگ کردنی ڕەفتارە هاوبەشەکانە بەو ئاراستەیەدا کە هەر یەک لەم حیزب و لایەنانە بۆ بە ئامانج گەیاندنی بەرنامەکەیان دیمۆکراتە بەر. بە واتایەکی تر هاوکاری هاوبەش لە ڕێگای بەدیهێنانی خواستی مافی چارەی خۆنووسینە. بەڵام ئەم چارنووسە چۆن لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دیاری دەکرێت، بابەتێکە کە لە درێژەی ئەم ڕێگایەدا، لایەنە سیاسییەکان لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بەرنامەکانی خۆیان دەخەنەڕوو بۆ ئەوەی هاوڕایی و پشتیوانی جەماوەریی لە کوردستان بەدەستبهێنن و داواجار هەڵبژاردنەکەی بە خەڵکی کوردستان دەسپێرن و ئەنجامەکەی قبوڵ دەکەن.لە پێوەندی لەگەڵ پرسیاری دووەمی ئێوەدا، دەبێ ئەو ڕاستییە دووپات بکەمەوە کە کوردستان کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە، لە کۆمەڵگەیەکی وادا، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی زیندەوو کۆمەڵێک ویست و داواکاری بوونیان هەیە کە بەشێکی دانەبڕاوین لە وێنە سیاسییەکەی. بۆ نموونە ئاتوانیت بە هیچ بیانوو و پاساوێک چاوپۆشی بکەیت لە خواستی زۆربەی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی خۆشگۆزەران و بەختەوەرانە، ئاکرێت خواستی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەبەرچاو نەگری، ئاتوانیت لەئاست دەستێوەردانی ئایین لە بەرپێوەبردنی کۆمەڵگا و یان داینەکردنی نازادییە سیاسییەکاندا بێدەنگ بیت، یان بەرنامەیەکت نەبێت بۆ پاراستنی ژینگە، دۆخی پەروەردە و تەندروستی، و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا.هەموو ئەم بابەتانە ئەو بەشە لە ویست و داواکاری خەڵکی کوردستان کە بێگومان خواستی لابردنی ستەمی نەتەوەییش وەک داواکارییەکی ئەتەبیتی خەڵکی کوردستان لەخۆدەگرێت. هیچ پێشخستن و دواخستنێک نییە بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستانە، ئاکرێ لە ژێر ناوی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتیدا پۆلێن بکرێن و یەکیان لەوی دیکەیان بە زەروورەتر بزانرێت. بەرجەستەکردن یان پەراوێزخستنی هەرکامیان، دژایەتییەکی ڕوونە لەگەڵ نیرادەی خەڵکی کوردستان لە لایەک و پێتەوکردنی هاوپشتیی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان کە پێویستی بەوەپێچوون و بەهێزکردن و فراوانکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە سەرانسەری ئێران لە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی ترەوە،هەربۆیە ئەگەریش خەباتی خەڵکی کوردستان و نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکەی ئێران، هەندێک خواستی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بەڵام لە زۆرێک لە ویست و داخوازییەکاندا، خۆیان بە هاوچارەنوس، هاوڕێ و هاوخەباتی خەڵکی نازارچێشتوو و چەوساوەی ئێران دەزانن لەپێناو بەدیهێنانی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی.

پێشرەو: کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی چەپی خاوەن ستراتێژی سۆشیالیستی لە کوردستان ناسراوە، بەرنامەی کۆمەڵە چییە بۆ بەهێزکردنی ئەم ڕەوتە کۆمەڵایەتییە، بۆچی لە بەڵگنامەی هاوکاریدا باسی نەکراوە؟ ئایا ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی خۆیان بە چەپ دەزانن، ئەم هاوکارییە دەیانگرێتەوە؟

وەڵام: هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی مەیلی کۆمەڵایەتی چەپ لەڕێگەی دروستکردنی چەترێک کە بتوانێت سەرجەم ڕەوت و لایەنەکانی چەپ سەرەڕای هەر جیاوازی و جەختکردنەوەیەکی جیاوازە لەدەوری یەک کۆبکاتەوە، هەمیشە لە کارنامەی کۆمەڵەدا بووە. هەندێک هەوڵیش دراوە کە بەداخەوە تا ئێستا ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە. بەڵام سەرەڕای بوونی ئاستەنگەکانیش هەرگیز لە درێژدان بەم هەوڵانە دڵسارد نەبووە. بەهۆی ئەو واقیعییەتەی کە چەپ بنکەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانی لە کوردستان هەیە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا چەختی جددی لەسەر بوونی ئەو بنکە کۆمەڵایەتییە کردوە. کۆمەڵە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە، لەم قۆناغەی دواییدا و لە دڵی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە پێشهاتووە، هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی چەترێکی لەو شێوەیەی خستۆتە کارنامەی کاری خۆیەوە. ئەگەرچی هێشتا زووە بۆچوونێکی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە ئەنجامی ئەو هەوڵانە بخرێتەڕوو، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پێویستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی، ئومێدبەخشە. بەڕای من ڕاگەیاندنی بەڵگنامەی هاوکاری کە لەگەڵ لایەنە سیاسییە چالاکەکان هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئەم هەوڵانەی کۆمەڵەدا نییە و تەنانەت ڕەنگە ڕێگای بۆ خۆش بکات، لەبەر ئەم هۆکارەیە کە بەڵگنامەکەدا بەشێوەیەکی گشتی تەنها ئاماژە بە حیزب و لایەنە سیاسییە چالاکەکان کراوە. سەرجەم ئەو حیزب و لایەن و تەنانەت هەڵسوڕاوە سیاسیانەش کە هاوکاری لەپێناو بەدیهێنانی خواستی دادپەروەرانەی مافی چارەی خۆنووسین لەسەر بنەمای جیاوازی ئایدیۆلۆژی بنیات نانێن، دەتوانرێت بەردەنگی ئەم بەڵگنامەی هاوکارییە بن.ئەمە ئەو حیزب و لایەنانە دەگرێتەوە کە پێیان وایە چالاکن و بەم شێوەیە دەتوانن خۆیان لەگەڵ واقیعییەتەکانی کوردستاندا هاوئاهەنگ بکەن. بەڵام دیارە ئەگەر لە چاویلکەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە سەیری پێشهاتە سیاسییەکان بکرێت، ئەوا ڕێکخستن و دروستکردنی هاوکاری لەنێوان ئەو ستراتێژی جیاوازن زۆر ئەستەم دەبێت.

دریژەی لە ٥

دریژەی(وتوێژی پێشرەو لە گەڵ جەماڵ بوزورگپور)

پێشرەو: لە بەڵگنامەکەدا هاتووە کە دەبێت دەسەڵاتی جەماوەریی بە فەرمی بناسرێت، ئایا ئەمە مەرجێکە بۆ هاوکاری؟

وەڵام: بەڵگنامەکە دەبێ جەخت لەوە بکاتەوە کە حیزبەکان نابێت لە سەرووی خەڵکەوە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن. لە بڕگەی سێهەمی بەڵگنامەکەدا سەبارەت بە ڕۆڵی حیزبەکان هاتووە: (بەفەرمی ناسینی پرنسیپی مافی دەسەڵاتداریتی خەڵک لە بەرپێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕێگەی نۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەرەوە، لایەنە سیاسییەکان تەنیا لە ڕێگەی ڕیکلام و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەریی بۆ بەرنامەکانیان دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە دەسەڵاتی سیاسیدا).ئەک وەک مەرج، بەڵکو ڕوونە کە هەر هاوکارییەک دەبێت پێور و ڕێوشوێنێکی دیاریکراوی هەبێت کە حیزب و لایەنەکان بە کردەوە پێی پابەند بن. دانپێدانان بە نازادییە سیاسییەکان، دوورکەوتنەوەی جددی لە دانوستانی جیا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە بەرژەوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانەوە هەیە، بەکارنەهێنانی چەک لە نەگەری ناکۆکی سیاسی و، پابەندبوون بە دەسەڵاتی جەماوەریش یەکێکە لەو پێوەرانە.ئەوەندەی لەبیرمە هەموو لایەنەکان لانیکەم بە زارەکی قبوڵیان کردوە. بابەتی گرنگ مەودایە نێوان قسە و کردارەکانە. ئەم مەودایە کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێ حسابی بۆ بکرێت، هاوسەنگی هێز دەکات کە فۆرمی حوکمڕانی لە داوڕاوژی دوای کۆماری ئیسلامی بۆ بەرپێوەبردنی کۆمەڵگا چۆن دەبێت.

پێشرەو: لە بەڵگنامەکەدا دوو جار ئاماژە کراوە، کە حەز دەکەم زیاتر ڕوونی بکەیتەوە، باس لە ئامادەیی کۆمەڵە کراوە بۆ بەکحستنی هێزە چەکدارەکان و پێکهێنانی گرێبەستی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان؟.

وەڵام: بەڵێ ڕاستە. من پێمواییە لە ئایندەی کوردستاندا، دوای کۆماری ئیسلامی، پێویستە بەرەو حیزبی بێ چەک هەنگاو بنێین، ئەمڕۆ حیزبی چەکدار هەیە چونکە کۆماری ئیسلامی بەزۆر هەڵگرتنی چەک و بەرخۆدانی چەکداریی بەسەر خەڵکی کوردستان و حزبە کۆنەپارێزەکانیاندا سەپاندووە و لە ئاست ویست و داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، سەرکوتی دڕندانەی ئەو خەڵکەی خستووەتە دەستووری کاری خۆیەوە.ئەگەر ئەم سەرکوتگەرییە کۆتایی پێبێت، بێگومان خەڵکی کوردستان ڕێبازی چالاکیی سیاسی و دیالۆگیکی بنیاتنەر پەسێو دەکەن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان.بۆیە لە ئایندەی نێراندا پێویست ناکات حیزبەکان بە چەکداری بمێننەوە. هێزی چەکداری حیزبەکان لەژێر کۆنترۆڵی ئەو دەسەڵاتە جەماوەرییەدا دەبێت کە خەڵکی کوردستان دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرپێوەبردنی کۆمەڵگەکەیان دیاری دەکەن. ئەرکی داینکردنی ئاسایش لە کوردستان لە ئەستۆی حکومەتێکی لەو جۆرە دەبێت. سەبارەت بە بابەتی دووەم، پێویستە بگوترێ، وەک لە بەڵگنامەکەدا هاتووە، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەتە، پێویستە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی ڕای گشتی لە خەباتی دادپەروەرانەی خۆیان کۆمەڵێک ئەرکی دیاریکراویان هەبێت. ئێوە سەرنج بدەن، لەبری ئەوەی هەر لایەنێک بە جیاواز ئەو ئەرکانە بەرپێوەببات، ئایا باشتر کاریگەرتر نابێت ئەم کارە لە کەدوبەیەکی هەماهەنگدا ئەنجام بدرێت؟کردەوەیەکی لەم چەشنە تەنها بەناوی ئەم یان ئەو حیزب و لایەنەوە لەگەڵ ئەوەی کە مەودای چالاکییە کە سنوردار دەکات، ڕەنگە زۆریش کاریگەر نەبێت لە ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوکارییا، بەڵام ئەگەر لایەنە سیاسییە چالاکەکان بەشێوەیەکی هاویەش ئەرکێکی لەو چەشنە لە ئەستۆ بگرن، بێگومان دەتوانن کاریگەرتر بن.

پێشرەو: دەمەوێت بپرسم ئایا مەبەست لە ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوکاری ڕای گشتیی، حکومەت و پارلەمانەکانی دەرەوە و بەتایبەت حکومەتەکانی ڕۆژئاوایە لەخۆ دەگرێت؟

وەڵام: مێژوو پێمان دەڵێت، حکومەتە ڕۆژئاواییەکان و کەسانی سەر بە ئەوان جگە لە بەدەواداچوونی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هیچ سیاسەتێکی تریان پەیڕەو نەکردووە. بەڵام هەندێکجار بە هۆکاری جۆراوجۆری سیاسییەوە، بۆ مامەیەک جۆرێک لە هاوکاری دروست دەبێت، پێویستە خەڵکی کوردستان ڕێگە پێدراون ئەم هاوکارییە لە قازانجی بەهێزکردنی خەباتەکانیاندا بەکاربهێنن.بەڵام سەرجێکی زۆر گرنگ بۆ ئەم بەکارهێنانە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەیان توانایی ئەوەیان هەبێت کە نەکەونەژێر دەست و پێی ئەوان، یان بە واتایەکی تر ژێر کاریگەری ستراتێژی سیاسی مەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە وەها پشتیوانییەکی بەرفراوانی جەماوەریی بەهرەمەند بێت کە نەتوانرێت بە ئاسانی و بەبێ دانی هەزینەی قورس، یاری پێبکرێت. لێرەوە دەمەوێت بگەمە ئەو ئەنجامەی کە سیاسەتی ئێمە بەپێچەوانەی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە چاوڕوانی بەدەستهێنانیشیانی حکومەتەکانی ڕۆژئاوادا ڕادەگرێت، پشت بەستن بە هێزی ڕێکخراوی خۆمان و پشت بەستن بە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی سەرتاسەری، بۆ ئامانجیە کە ئێمە بەدواوەیین و لەم ڕووەوە مەبەستی بەڵگنامەکە لە بەنەڕەتدا ڕاکێشانی بیروڕای پێشڕەو و پێشکەوتنخوازانە لە دەرەوەی وڵاتە، ئەک حکومەت و پارلەمانە دەرکییەکان.ئەوەی کە حکومەت و زۆلهێزە دەرکییەکان ناچار دەکات واز لە پشتیوانی ڕژێم بهێنن و دان بە خەباتی ڕەوا و مافخوازانەی جەماوەری وڵاتێکدا بنێن، هێز و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆی وڵات و پشتیوانی بیروڕای گشتی لەسەر ناستی نێودەوڵەتییە بە جۆرێکە کە حکومەتەکان ناتوانن چیتر ڕاستەوخۆ لەدژی بوەستنەوە.

دوا پرسیار: ئایا ئەم بەڵگنامەیە لەگەڵ کاردانەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕووبەڕوو بۆتەوە؟

وەڵام: هێشتا زووە، چونکە کاردانەوەکە زیاتر پەیوەستە بە دۆخی سیاسییەوە.هەڵسەنگاندنی ئێمە ئەوەیە کە ئەگەرچی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بەهۆی سەرکوتی دڕندانەی ڕژێمەوە لە گۆڕەپانی شەقامەکاندا تا ڕادەیەک هێور بووەتەوە، بەڵام خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لە قۆناغێکی دیکەدا، زۆر بەهێزتر تا گەیشتن بە ویست داخوازییەکانی، ڕەخساری سیاسی کۆمەڵگای ئێران بە تەواوی بگۆڕێت، چونکە زۆرینەی خەڵکی ئێران حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هی خۆیان نازانن. ئێمە تەنانەت هەڵسەنگاندێکی وا لە ڕەفتار و کردەوەی ڕۆژانەی دەسەڵاتیشدا بەدیدەکەین.ئەوانیش هەرلە ئێستاوە خۆیان بۆ ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ئامادە دەکەن. بۆیە بە بڕوای من بە لەبەرچاوگرتنی وەها هەڵسەنگاندێک، ئەم بەڵگنامەیە بۆ هاوکاری، وەک پێویستیەکی سیاسی، لەڕاستیدا ویست و داواکاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە لە لایەنە سیاسییەکان و سەرنجام خۆی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی ئەم قەیرانەی، گومانمان نییە داوێنگیرەنی،گەڕێنن، کۆماری ئیسلامی لە دڕێژەی بە حاکمیەتی و وەک یەکێک لە ئامرازەکانی سەرکوت کەلک وەردەگرێت، بێگومان زیاتر بوونی هەژاری و بێکاری گاریگەری زۆر خراپی لەسەر ژنان و پیاوانی کرێکار و تەندروستی منداڵەکانیان داناوە و دایدێنێت. بەڵام لەبەاڵ ئەم ڕاستیانەدا دەبێ باسی کاریگەری نەرێنی هەژاری لەسەر ناستی خەبات و توانایی تەشەکول یابی کرێکارانیش بکەین، تا ڕوون بێتەوە کە چۆن ڕژێم هەژاری کرێکاران و خەڵکی بێبەش لە خزمەت بە دڕێژدان بە حاکمیەتی خۆیدا بەکار دێنێ.

بەر لە هەرشتێک هەژاری و بێکاری پەرە بە دووبەرەکی نەدات لەنێو کرێکاراندا و نەمە یەکەم و گرنگ ترین دەستکەوتی ڕژێم لە پەردان بە هەژاری لە کۆمەڵ دایە. ڕژێم و سەرمایەداران لە عینیی حاڵدا بە موحتاج ڕاگرتنی کرێکاران بە نانی شەوبان، دۆزاوترین بارودۆخی کاریی و کەم ترین حەقدەستیان بەسەردا دەسەپێنی و بارودۆخی خەباتیان دۆزار تر دەکات. هەژاران گومانی تێدا نییە کە پەستکەرای ئەم دوایەی شۆڕای بالای کار لە پێوەند لەگەڵ دیاریکردنی لایێکەمی حەقدەستەکان لە ساڵی ١٤٠٢ دا بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی زیاتر لە ٦٠ ملیۆن لە دانیشتوانی کۆمەڵ شاملی، کرێکارانی خانەنشین، کرێکارانی بێکار و بنەماڵەکانیان کاریگەری بەرچاوی هەیە. ئێستا ئەگەر کرێکارانی کارگا چکۆلەکان کە لەدەرەوەی چەتری یاسای کارن، ئەو کرێکارانەی کە بە قەرارەداری کاتی و سیی نیمزا، داخرانی زیاتر لە ٥٠ لەسەد لە ناوەندەکانی کار و بەرهەمهێنانی ئێران و ئەبوونی کەمترین ئەمنیەتی پێشەیێش بەرچاو بگرین، ئاستی بەرینی هەژاری سازماندراو لە کۆمەڵگادا لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە زیاتر دەردەکەوێ. لە وەها بارودۆخێکدا هیچ دیار نییە بەمەاڵ کرێکاریەکان لەمساڵ دا کە قەیرانی گشتی و بارودۆخی ناباوەریەکەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرین تر دەپێتەوە، بەم ئاستە کەمەی حەقدەستەوە چی دەکەن. لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەوەانەی کراون لەلایەن بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێو نەتەوەییەوە، پۆلی نێران سەرەوای هەرەمەند بوون لە سەرچاوەی ڕۆزی سەروەت و هێزی کار، لە پلەی ١٤٨ دایە لەباری شاخیی فەلاکەت لەنێو ١٥٦ وڵاتی دنیادا. لەم پەیوەندیدا شاخیی فەلاکەت لە ٢٠ ئوستانی نێران لە مامناوەندی وڵاتان بەرزتر بۆتەوە و لانیکەم ٨ ئوستانی نێران لەڕووی فەلاکەتەوە، وانە کۆی ترخی بێکاری و ترخی ئەوەوە، لە چوارچێوەی بەرزی ٦٠ لەسەد دا قەرارییان گرتوە. ئێستا دەبێ بپرسین بۆچی لە حاڵێکدا سەرانی ڕژێمی حاکم کە قەیرانی ناباوەری و ئاستەنگی سەرچاوگرتو لێنەوە لەوانە تووڕەو و یەکیارین بە وتەی خۆیان بە هۆکاری" ئاناراسی ئەم دوایەیە" دەزانن وەها پەسندکراوێکیان خستۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە؟ بابەتەکە ڕوون و ئاشکرایە. لە بێتوانیی ڕژێم لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی ناباوەری کرێکار و ئەمەوەیی ئەم قەیرانە ئەبوونی بەرنامە و ڕێگا چارە بۆ کەم کردنەوەی ئەم قەیرانەی، گومانمان نییە داوێنگیرەنی،گەڕێنن، کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامی هەژاری لە کۆمەڵدا لە ڕاستای دڕێژەدان بە حاکمیەتی خۆیدا ئەکەن. ئەمەش ئەوەی کە ئەم قەیرانە بە ئەنجامی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانی ئەوە بە ئەنجامی بگەیەنێ، ئەوا ئەم ڕژێمە

وەڵام بە چەند پرسیار: (وتوێژ لە گەڵ ئیبراهیم علیزادە)

مەرگی (ژینا ئەمینی) شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بردە جێگایەك، کە لە مێژووی سیاسی نوێی ئێراندا بێ وێنەیە و چاوەکان لەسەر ئەون. شۆڕشی ژینا ماوەی ٧ مانگە هەر بەردەوامە و بەردەوامی و زیندوو بونەشی هەم لە خەباتی ڕۆژانەی ژنان و پیاوانی ئەو وڵاتە و لە سەنگەری جواروجۆردا دەبینین و هەم لە کاردانەوەی دوژمن واتە کۆماری ئیسلامی ئێراندا. یەکێك لە ڕۆژنامە نوسەکانی ناودارى هەرێمی کوردستان وتوێژێکی لە ٤٠ مین ڕۆژی هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە لە گەڵ هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە دەبیر نەوەلی کۆمەڵە ئەنجام داوە کە بە هۆی گرنگی ئەو بابەتە لەم ژمارەیەی پێشرەودا بە شێك لەو گوفتوگویەمان کە باسی بۆردومانی بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و هەرەشەکانی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی و کاردانەوەکانی دەکات بۆ بڵاو دەکەینەوە.

(پێشرەو)

پرسیار: لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ئەمساڵ کۆماری ئیسلامی پەلاماری بارەگاکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم پەلامارداندە هاوکاتبوو لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئێران، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەم سوپای پاسداران بە ڕەسمی، هەم قەرارگای سوپای حەمزیی سەر بە سوپای پاسداران ئێوە تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن «ئەم هێرانە دەستیان هەیە لە ئاژاوەکانی ئێران، لەبەرئەوە بۆردومانمان کردوون و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانمان نارەوتە سەریان»، ئەم ڕووداوە بۆ ئێوە چۆن بوو؟ پێشبینی کراو بوو؟ ئەم قسانەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاستە، یان پێچەوانەکەی ڕاستە و مانای ئەوەیە، ڕەگ و ڕیشەتان لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، دەور و نەقشتان هەبوو، هاوشێوەی ئەوەی خۆیان دەیڵێن، دەور و نەقشتان هەبوو، ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیتان هەیە؟ ئەم ڕووداوگەلە چۆن بوو؟ ئێوە چۆن دەیخوێننەوە؟**

وەڵام: ئەم مەسەلەیە چەند لایەنی هەیە: یەکەم:دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری هەرێمی کوردستان، تەنانەت موشەکباران و تۆپباران کردنیش پێشینەیەکی هەیە و بەرژەوەندی خۆیان هەیە، کۆماری ئیسلامی نایەوێت هەرێمی کوردستان بە تەنها بۆ تورکیا جێبهێڵێت و بیکاتە پاوانی تورکیا، لەبەرئەوە داوای بەشی ئابوری و سیاسی خۆی دەکات، دەستێوەردان دەکات، بەشێوەیەك کە لە بەشی تورکیا کەمتر نەبێت، هەم بۆ تورکیا، هەم بۆ کۆماری ئیسلامیش، پاساوەکە ئۆپۆزسیۆنە، ئەمریکا وەکوو دەسەڵات لەو ناوچەیە بەو جۆرەی کە گلۆپی سەوز بۆ تورکیا هەڵدەکات بۆ کۆماری ئیسلامی ناکات، هەر بۆیە قورساییەکە بە قازانجی تورکیەیە و کۆماری ئیسلامی هەوڵدەدات دەرفەتەکان لە دەست نەدات. سێیەم: مەسەلەی عێراقە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێت مۆری خۆی لە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراقبدات، دەیەوێت کوردستانیش بکاتە ئامرازێك، تا لایەنی خۆی لە بەغدا بەهێز بکات، بۆیە دەبێت لێرە هەرێمی کوردستان ئومێدەوار بکات بە سازشی زۆرتر لە ڕێگەی فشار هێنانەوە، ماڵێك لە نزیك بارەگاکانی پارتی دەداتە بەر موشەك، بە بیانووی ئەوەی کۆبوونەوەی مەئمورانی ئیسرائیلی تێدا بوە. چوارەم: ئەمانە لەلایەکەوە، ئێستاش لەم دەورەدا شتێکی نوێ زیاد بوە، ئەویش ئەو خۆپیشاندان و سەرهەڵدانانەیە، ئێستا کە چەخماخەی ئەو خەبات و سەرهەڵدانە لە کوردستانەوە لێدراوە، دەیەوێت بڵێت «ئەوە لە دەرەوەی سنورەکانەوە ئاڕاستە کراوە»، حیزبە سیاسییەکان بە حیزبی دەرەوەی وڵاتی دەزانێت، ئەك بەوشێوەیەی کە ئەو ئەحزابانە ڕیشەی کۆمەڵایەتییان لە ناوخۆیی وڵات هەیێت، هەروەها دەیەوێت مەسەلەی کوردستان بەرجەستە بکاتەوە، تا بڵێت «ئەوە هەر ئەو حیزبانەن، کە جیاوازی خواز بوون»، دەیانەوێت بە خەڵکی ئێران بڵێن «ڕیربابن ئەو چەخماخەیە لە جێگەیەکەوە لێدراوە، کە خۆیان جیاوازی خوازن و دەیانەوێت ئێران دابەشبکەن»، هەموو ئەوانە پاساو و بەهانەن، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك لە کۆمەڵگەوە ڕابکێشن بەرەو دەرەوەی سنورەکان، دەیەوێت کوردستان بکاتە مەترسییەك بۆ خەڵکی ئێران، سەبارەت بە دابەشکردنی ئێران و جیابوونەوەی.

پرسیار: بۆچوونێك هەیە، کە گوایە ئێوە پێشتر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئاگادار کراونەتەوە، بۆیە هیچ زەرەر و زیانێکتان بەرنەکەوتوە؟

وەڵام: لە هیچ لایەنێکەوە بە دیاریکراوی بۆ ئەو ڕۆژ و کاتە ئاگادار نەکراوینەتەوە، بەڵام یەکێتی کە بارەگاکانی ئێمە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەوانە بەردەوام ئامۆژگاریان کردووین و وتوویانە: ئێمە ناتوانین بەرانبەر بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بەرگری لە ئێوە بکەین، دەبێت خۆتان ئاگاتان لە خۆتان بێت. بەڵام سەبارەت بە پەلامار و هێرشی ئەمجارە، خودی کۆماری ئیسلامی بوو کە هۆشداریدا، ئێمەش بە جدیمان وەرگرت، چونکە ئاشکرا بوو، جگە لەو هاندرانەی پێشووتر، ئێستا ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەی لە ئێران دەکرێت زیاد بوە و دەیەوێت سەرنجەکان بەرەو دەرەوەی سنورەکان ڕابکێشێت.

پرسیار:کۆماری ئیسلامی مافییەتی تۆپبارانتان بکات؟

وەڵام: لە ڕووی حقوقی نیودەوڵەتییەوە کۆماری ئیسلامی ئەو مافەی نییە، چونکە ئەوە دەستدرێژیە بۆ سەر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم. ئێمە بە زۆر خۆمان بە سەر حکومەتی هەرێمداناسەپاندوە. ئیمە بە ڕێکەکوتن لێرەین و لێرەشەوە هێرشی چەکدارییمان نەکردۆتە سەر کۆماری ئیسلامی. بەشێکی زۆر لە تەشکیلاتەکەمان لە سوێدە، بەشێکی لە ئەڵمانە، تەلە فزیۆنەکەمان لە وڵاتێکی ئەوروپاییەوە بڵاودەبێتەوە، ئەگەر مافی خۆیەتی هێرش بکاتە سەر ئۆپۆزسیۆنی خۆی دەبا چەند موشەکیش بەو وڵاتانەوە بنێت، چونکە هەمان حیزبە، بەهانەکەی ئەوەیە، کە گوایە ئێمە لێرەوە هێزی چەکدار دەنێرینەوە و خەباتی چەکداری دەکەین دژی کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا (٢٠ - ٣٠) ساڵە کاری وەهامان نەکردوە، بۆیە ئەوە پاساوێکی دروست نییە. ئەگەر پاساوەکەیان ئەوەیە، کە نفوزمان هەیە، ڕەنگە نفوزەکەمان لە ئەڵمانەوە ئاڕاستەی ئێران بکەین، ئێستا لەم سەردەمەدا کە دونیا پێشکەوتوە، تەنها لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە چیت هەیێت دەتوانیت بە هەموو خەڵکی ڕابگەیەنیت، ئێمەش چیمان هەیێت لەهەمان ڕێگەوە دەتوانین بە خەڵکی ئێرانی ڕابگەیەنین، ئەگەر ناتوانێت لەو وڵاتانە ئەو کارانە بکات، بۆچی لە هەرێمی کوردستان دەیکات؟ چونکە بە لاوازی دەزانێت، دەزانێت هەرێم ناتوانێت کاردانەوەی هەبێت، چونکە دەزانێت هاوپشتییەك هەیە لە نێوان کوردی ئێرە و کوردی ئێران، ئەگەرنا لای هەموان ئاشکرایە، کە ئەگەر ئێمە لە حاڵی شەڕدا بین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بێگومان شەڕمان بەرامبەر دەکرێتەوە، من تۆپ بە ئەوەوە دەنێم، ئەویش بە پێچەوانەوە تۆپم پێوەدەنێت.

پرسیار: بەڵام ئەوەی ئێوەش دەیکەن نیوە شەڕە؟

وەڵام: نەخێر، خەباتی سیاسییە.

پرسیار: ئەگەر پێتوایە خەباتی سیاسییە بۆچی لێرە چەکتان لە شانە، جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکە چییە؟

وەڵام: مەسەلەی چەکدار بوون لێرە پێوەندی هەیە بە سروشتی سیاسی ئەو ناوچەیە. لێرە حیزبی سیاسی چەکدارن، عەشایر چەکدارن، حەشدی شەعبی لە پاڵدەستی ئێمە بە چەندین گرووپی جیاواز و هەر کامەی سەر بە لایەنێك چەکدارن،داعش هەر ماوە، گرووپی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بە نهێنی هەن وچەکدارن، تەنانەت خەڵکی ئاسایی زۆربەیان چەکدارن، لەوەها کەشو هەوایەکدا ئاکرێ ئێمەش بۆ بەرگری لە خۆمان چەکدار نەبین. دەوڵەتی کوردی مافی ئەوەی نییە ئازادی چالاکی سیاسی بدات بە هاونەتەوەکانی خۆی، لە حاڵێکدا دەوڵەتانی ئاڵمان و سوێد و ئەوانی تر ئەومافەیان پێداوە؟

پرسیار: پێتانوایە هاوشێوەی موجاهیدینی خەڵق، دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستان دەرتانپەڕێنن؟

دریژەی ل ٧

دریژەی(وتوێژ لە گەڵ ئیبراهیم علیزادە)

وەڵام: موجاهیدینی خەڵق وەکو ئەوە وابوو کە بە دەرزی کلیپس بە کۆمەڵگەی عێراقەوە لکابن، هیچ ڕیشەیەکیان لە کۆمەڵگەی عێراقدا نەبوو، بەڵام ئێمە بەشێکین لە نەتەوەیەکی داپڵۆسراوی مافخوراوی سەرکوتکراو و هاتووینەتە ئێرە، بۆیە ئەوەی لەگەڵ موجاهیدین کردیان، ناتوانن لەگەڵ ئێمە بیکەن، چونکە ئەگەر حکومەت و دەسەڵاتی ئێرە، ئەو کارە لەگەڵ ئێمە بکات، ئینکاری هەبوونی خۆی دەکات، ئەوکات ناتوانێت بە عێراق بڵێت «بۆ مووچەم دەبڕی، بۆ سەرکوتم دەکەی، بۆ ناوچە دابڕاوەکانم ناگەڕێنیتەوە؟»، ناوچەی دابڕاو بۆ کوردایەتی و مافی کورد نییە؟ لە کاتێکدا لانیکەمی مافی پەنابەری سیاسی و چالاکی سیاسی، بۆ کوردێکی پاڵ دەستی خۆت بە ڕەسمی ناناسیت، بۆیە ئاسان نییە ئەو کارە بکەن، ئەگەر وابکەن، مانای وایە هێڵی سوریان بەزاندوە.

پرسیار: وانا دووبارەبوونەوەی ئەزمونی موجاهیدینی خەڵق بە کارێکی ناموکین دەزانن؟

وەڵام: پێمایە نا مومکینە، دەرگای هەموو ماڵەکانی سلێمانی و هەولێر و هەموو شوێنەکانی تر بۆ ئێمە کراوەیە، لەم ماوەیەدا کە ئەو پەلامار و هێرشانە ڕوویانداوە، بە سەدان کەس لەگەڵ هاوڕێکانی ئێمە پەیوەندی گرتوە وتوویانە: نیگەران مەبن، ماڵی ئێمە، ماڵی خۆتانە، کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە ئەگەر بارەگاکانی نار شار نەگوازنەوە، لێیان دەدەین، تەنانەت داوای داخستنی قوتابخانەکانیان کرد، تەنها یەك دراوسێی ئێمە، بۆ تەنها یەکجاریش لەیەك شوێن نەهات بڵێت «نیگەرانم»، کەسیش ماڵی چۆڵ نەکرد، چونکە هەست و سۆزێکی قووڵ هەیە، کە ئێمە بەیەکەوە گرێ دەدات. با نمونەیەکی ترت بۆ بهێنمەوە، چەند ساڵ لەمەوپێش نزیکەی (٤٠) پەنابەرمان نارد بۆ تورکیا، لە شرناخ پێویستی تورك کەشفی کردن و خەریکبوو زیندانیان بکەن، چەند دوکاندارێکی دەوروبەریش زانیبوویان کوردن، لە ماوەی (٣٠) دەقیقەدا یەکە یەکە برانە ماڵەکان و شاردرانەوە، دوای هەفتەیەك بۆ دوو هەفتە یەکە بە یەکە بەڕێکران بۆ تورکیا، ئەنکەرە و ئەستەنبوڵ. ستەمی نەتەوایەتی جۆرێك لە هاوپشتی پێکهێناوە، هەر ئەو پێویستیەیە کە دەمانەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی پێکبهێنین، هەر لەبەرئەوەیە بەشێك لە ستراتیژیمان، ستراتیژی نەتەوەییە و هەموو کوردستانی گرتۆتەوە، بۆیە پێمایە بەراوردکردنی موجاهیدین لەگەڵ ئێمە، گونجاو نییە.

پرسیار:مەبەستت ئەوەیە، ئەوەی ئێوە پشت ئەستورە بە خەڵك؟

وەڵام: بەڵێ، گومانی تێدا نییە پشت ئەستورە بە خەڵك، تا ئەم خولەکەش حکومەتی هەرێمیش هێڵی سوری ئەبەزاندوە بەرامبەر ئێمە.

پرسیار: کەواتە لەو پەلامار و هێرشانەی کرایە سەرتان، کە هاوکاتبوو لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئێران، تا چەند لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێم، یان یەکێتی و پارتی ڕازین وەکو حکومەت و حیزب، لە هەمانکاتدا تا چەند لە هەڵوێستی خەڵك، نوسەران و ڕۆشنبیران ڕازین؟

وەڵام:جاوەڕوانیمان لە حکومەت و لە ڕۆشنبیران لەوە زیاتر بوو، ڕۆشنبیران بەداخەوە بەرامبەر بە کێشەی خۆشیان لە عێراق و لە هەرێم چالاك نیین. بەرامبەر بە کێشەکانی باکور و عێراقیش، جۆرێك لە دوورە پەرێزی و خۆدوور خستنەوە دەبینین. جگە لەوە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان هێزە نیسلامییەکانیش کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر کەش و هەوای سیاسی هەرێم. ئەوانیش بەو سەرهەڵدانە لە ئێران و بە دروشمەکانی مورتاح نیین. پێمایە حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەوەش کە وتم: هێڵی سوری نەبەزاندوە بەرامبەر ئێمە، بەڵام دەیتوانی هەم بۆ پاراستنی سەروەری دەسەڵاتی خۆی، هەم بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا لەو هاوسەنگی هێزی ناوچەییەیدا، جێگە و پێگەی باشتری هەبێت، دەبوایە بەهێزتر دەرکەوتبایە. کۆماری ئیسلامی زۆر لای کۆماری ئیسلامیش ئاشکرایە، لەگەڵ ئەوەش کۆماری ئیسلامی ناستی خۆی دەزانێت، زەربەیەك دەوەشێنێت و دەردەچێت، چاوەڕێی کاردانەوە دەکات، چەند مانگ ڕادەوەستێت، ئەمریکا کاردانەوەی نەبوو، زەربەیەکی تر دەوەشێنێت، بۆیە جێگە و پێگەی تورکیا و کۆماری ئیسلامی لە کوردستان جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی هێزی کۆماندۆ و چاندنی تیمی تیرۆر لێرە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هەمیشە هەست بە مەترسی دەکەین، هەوڵدەدەین هەم بە کۆمەکی خەڵك، هەم بە وشیاری خۆمان، خۆمان بپارێزین.

پرسیار: ئەو تاکتیك و ڕێگە چارانە چییە، کە بەرامبەر ئەم مەترسییانە دەیگرنەبەر؟

هێزی پێشمەرگەی ئێوە ئامادەیە، بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئێران ڕوودەدات، بەهۆی ئەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەوە؟

وەڵام: پێمایە ئەگەر هەلومەرجی بەشداری هێزی پێشمەرگە و خەباتی چەکداری بێتە گۆڕێ و بێتە ویستێکی جەماوەری و زەمینەی بۆ خوڵقابێت، پێویست بەم هێزەی ئێرە ناکات، ئەوە ئەو خەڵکەیە، کە لەوێ لە سەر ڕێنوێنی ئێمە چەك هەڵدەگرێت، بەڵام ئێستا چارەنوسی ئەو سەرهەڵدانە بە بوونی هێزی چەکدارەوە گرێنەدراوە. نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، ساڵی (١٣٥٨) بەرامبەر بە (١٩٧٩)ی زایینی، کە ڕژێمی شا ڕووخا، هەموو شاری سنە بەدەست ئێمەوە بوو، جەماوەری خەڵك شاریان ڕزگارکرد، ئەمجار پێشمەرگە دروستبوو، نەك ئەوەی پێشمەرگە و هێزێکی چەکدار چوویێت شاری ڕزگار کردبێت، شار بە خۆپیشاندان، داگیرکردنی پادگان و داگیرکردنی بنکەکانی شا ڕزگار بوو، بەهەمانشێوە بۆ ڕزگاری شاری مهاباد و شارەکانی دیکە.

بۆیە ئەوە سیناریۆی دڵخوازی ئێمەیە کە دوپات ببێتەوە، نەك ئەوەی هێزی پێشمەرگە لێرە بچێتەوە بۆ ڕزگارکردنی شارەکان.

پرسیار:دەورانێکی زۆرە لە تاراوگە دەژین، بەردەوامیش کە چاوپێکەوتنمان کردوە وتوتە: ئایندەیەکی باش چاوەڕێمانە، ئێران ئاڵوگۆڕ بەخۆیەوە دەبینێ، هێشتا هەر ئەم قسانە دەکەیت، یان بەڵێنی تر دەدەیت، بە پشت بەستن بەو ڕووداوانەی ڕوودەدات، مەبەستم ئەوەیە تابلۆکە بەرچاوڕوونترە؟

وەڵام:هاندەری ئێمە بۆ خەبات هەر ئەوەیە، کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هاندەدات، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ناچارن خەبات بکەن، خەبات سەربەخۆ لە ئاستی ڕووداوەکاندا بۆیان بڕاردە نییە، زەرورەتی چارەهەڵنەگری ژیانیانە. ڕەنگە ئاستی مللانێیەکەی تەنها ئەوە بێت، کە جێبو بدات تا ئەوەی چەك هەڵدەگرێت و مانگرتن دەکات، ناچارە مللانێ بکات، ئەگەر نەیکات ئەوەی هەیەتی لەدەستیدەدات، خەڵکی کرێکار و هەژار و ستەملێکراو مللانێ ناکات بە مەرجی سەرکەوتن، بەڵکو مللانێ دەکات لەبەرئەوەی گرنگ و پێویستییە، بۆ ئێمەش بەهەمانشێوەیە، ئاشکرا نییە سەردەکەوین، یان نا؟ ئومێدەواریشم سەریکەوین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێت خەبات بکەین. من هەمیشە وتوومە: کوردستان بەو (٤٣) ساڵ بەرگرییە قوربانی کەمتر داوە لە چاو ئیسفەهان بەرامبەر کۆماری ئیسلامی، چ ئەوانەی لە شەڕدا کوژراون، چ ئەوانەی لە شوێنی تر کوژراون، (٧٠٠٠ تا ٨٠٠٠) ئینسان لە جەڕیانی قەتڵوعامی (١٣٦٧)ی ژینداناکانی ئێران لە کۆمەڵکوژی مانگی تیر و مورداد لەسێدارەدران، (١٥٠ بۆ ٢٠٠) کوردی تێدا نییە، لەبەرئەوە خەڵکی کورد بە بەرگریکردن و شەڕکردنی دەستکەوتی بەدەستهێناوە، ئێستاش لێرە پێشمەرگەی ئێمە پێشمەرگایەتی دەکات، لە تەلەفزیۆنی ئێمە دژ بە کۆماری ئیسلامی قسە دەکات، سبەی دەچێتەوە (٢٤) کاتژمێر ڕاپناگرن، چونکە هاوسەنگییەك دروستبوە، ئێمە وامانکردوە ئەو هاوسەنگییە دروست بێت، کەواتە سەرقاڵی کارێکی ئەرێنین، خەڵك هەست بەوە دەکات، کە ئەو تەشکیلاتە بەو هەموو ساڵەی کە لە تاراوگە بوە، ئێستا لێرە هەبوونی بەسود و گرنگە.

پرسیار:بەرنامەیەکتان هەیە بۆ کاتی گەڕانەوە؟ دەتانەوێت ئەزمونی ڕۆژئاوای کوردستان دووبارە بکەنەوە، کە دام و دەزگاکان لە شوێنی خۆی مایەوە، هێزێك چوو دەستیگرت بە سەریدا، بارودۆخ ئاسایی دەڕوا، خەڵك و چاودێرانی سیاسی لێی ڕازین، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو ئەزمونەی لە ساڵی (١٩٩١) لە باشوری کوردستان ڕوویدا، بوە هۆی تاڵانی، فەوتانی دام و دەزگا و ئەرشیفی، دەتانەوێت کام ئەزمونە دووبارە بکەنەوە، هی ڕۆژئاوا، یان باشور؟

وەڵام: بێگومان نامانەوێت ئەزمونی باشور دوپات بکەینەوە، بەڵکو دەبێت لە ئەزمون، هەڵە و خەباتەکەی وانە وەربگرین و بەکاربهێنین، ئەگەر بڕیار بێت، هەموو ئەو هەڵانەی لە پاڵ دەستی خۆمان ڕوویانداوە دوبارەیان بکەینەوە، وەك ئەوە وایە، خەریکی ئاو خەستکردنەوە بوو بین، دەبێت ئەو هەڵانە ڕەچاو بکەین. ئەزمونی ڕۆژئاواش ئەوەی کە پێوەندی بە دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیانەوەیە بە تایبەت لە بواری بەڕێوەبردنی خۆسەر و ئەنجومەنەکان و لە بواری مافی ژنان و لە بواری بە یەکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئەتەوە جوراوجۆرەکان دەبێ دەرسیان لێوەربگیرێ.

ئەزمونی باشوریش، دوو وانەمان پێ دەڵێت: یەکەم: ڕاپەرین گرنگە، ئەگەر هاوسەنگی هێز گۆڕا، دەبێت خەڵك هانبدرێت بۆ ڕاپەرین، ڕاپەڕینی جەماوەری لێرە ڕەوا بوو، کە یەك لە دوای یەك شارەکانی ڕزگارکرد لەژێر دەستی بەعس، دەستکەوتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بوو. دووەم: لەباربردنی شۆڕاکان، لەبەرچاو نەگرتنی ئیرادەی خەڵك، پێشێلکردنی دێموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ، گەندەڵی دارایی و ئیداری، هەمووی دەبێ هۆکارەکانیان بناسین و خۆمانیان لێ دوور بگرین. وانا وانە لە هەردوو خاڵەکە وەردەگرین، بەڵام یەکەم بە ئیجابی، دووەمیان بە سلبی.

***

شەقامی سور و شانۆی بێسنوور

ئامادە کردنی: سلام قادری

شەقام لە چاوەڕوانی شانۆدا بۆ گێڕانەوە و گەشاندنەوەی شۆرشی ژینا کە چاوێک دەگێڕین بە مێژووی شانۆی شەقامدا دەردەکەوێت کە بەستێنی سیاسی دور نیە کە شانۆیش پەلکێش بکات بۆ دەور نواندن لە گۆڕانکاری سیاسیدا. نمونەی زۆر لە ئاستی دنیادا هەیە کە بارودۆخی سیاسی و شۆڕشگێڕانە بوتە هۆی ئەوەی کە شانۆ لە هۆڵەکان بێتە دەرەوە و تێکەڵی جەماوەر ببێت و ئاراستەی کۆمەڵایەتی و هونەری هاوتەریب کردوە..

دیارترین نمونەکان،نمونەی بزووتنەوە هونەریەکانە لە دەهاوەدەمی شۆرشی ئۆکتۆبر لە یەکیەتی سۆڤیێتی ئەو دەم،لە ئاڵمانیای دەیەی سی و هەر وەها لە سەردەمی قەیرانی ئابووری ١٩٢٩ی وڵاتی ئامریکادا. بزووتنەوەی شانۆی چەپ لە ساڵانی ١٩٣٠ لە ژێر کاریگەری کارەساتی ئابووریدا گەشەی کرد. دارمانی بازاڕی بۆرسە لە ساڵی ١٩٢٩ دا بە مانای دارمان بوو بۆ ئابوروری ئەمریکا و ملیۆنان کەس لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمی دوای قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٢٩-١٩٣١، دا بێکار بوون و لە سەرانسەری وڵاتدا بێ سەرپەناییی سەری هەڵدا.

لەم بارودۆخەدا شانۆی سیاسی شانبەشانی بیرۆکەی چەپگەرایی گەشەی کرد.

خەڵک بە ژمارەیەکی زیاتر لە شوێنی کاردا خۆیان ڕێکخست. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٣٧دا ژمارەی ئەندامانی یەکگرتووی کرێکارانی ئۆتۆمبێل زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کەس بوو، لە کاتێکدا تەنها ساڵی پێشوو ٣٠ هەزار کەس بوو. مالکۆم کاویلی نووسیویەتی، نمایشی ڕۆژی ئایار لە نیویۆرک «هێندە گەورە بوو، کە دەبوو بەسەر دوو بەشدا دابەش بکرێت.» بەشێک لە پارکەکەی پاتریییەوە بەرەو باکوور تا گۆڕەپانی یونیون ڕێپێوانیان کرد؛ ئەوەی تریان لە باکوورەوە. ١٩ هەزار پۆلیسی شاری نیویۆرک لە ئەرکدا بوون بۆ دامرکاندنەوەی ناژاوەیەکی چاوەڕوانکراو، بەڵام ڕۆژەکە ئارام بوو». زیادبوونی گشتی پشتیوانی لە چەپەکان وەرگێڕدرا بۆ گۆڕانکاری لە هونەردا وەکوو دەبینین لە و سەردەمەدا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر ڕۆچوونە ناو شێواز و ناوەڕۆکی بەرهەمە هونەرییەکان. هونەرمەندانی سەما، ئەدەب، مۆسیقا، فۆتۆگرافی و فیلم هاوشێوەی شانۆکاران پەرەیان بە باری کۆمەڵایەتی و سیاسی هونەرەکەیان دا. پرسیار لێردەدا ئەوەیە کە کێن ئەوانەی کە دەبێ شانۆ پەلکێش بکەن بۆ شەقام و شانۆی شەقام چۆن دەتوانێت یاریدەدەر بێت لە گەشاندنەوەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا؟ وەکوو باس کرا شانۆی شەقام لە کاتی تەیار بوونی بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، لە سەردەمی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لە مانەیش ئەولاتر لە کاتی خرۆشانی خیاباندا و لە بەستێنی ئەو خرۆشەدا کارا دەبێت. ئەو کەسانەی شانۆی شەقام ڕێکدەخەن سلبریتی نین و هونەری رازاوە و پڕ زرق و برقیان پێ نیە، بە واتایەکی تر پسپۆری و سەرچاوەی دارایی و پشت و پەنای ئیداری حکومەت و کۆمپانیاکانیان نیە، بەڵکوو ماریفە کە بزوێنەریانە، یان بە کوردی ماریفەتی گۆڕانیان تێدا بە دی دەکرێت. ماریفەت(ناسین) ڕایکێشاونەتە سەرشەقام و ئەوە درد و ئازار و بێ بەشیە کە پێویست بوونی گۆڕانی بنەڕەتی کردوە بە تێگەیشتنی دەرونی و پێناسەیان بۆ جیهانێک کە ئاواتی پێدەخوازن و لە پێناویدا گیانبازی دەکەن. داهێنانی شێوازی کردە نواندنی بەکۆمەڵ، چیرۆکی مەبەستدار و سەلمێنەری نیرادەو پێویستی گۆڕان، هاو سنوور بوون لەگەڵ کردەی دژبەرانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی، لە تایبەتمەندیەکانیەتی. شانۆی شۆڕش دەبێت داهێنانی شێواز و تاکتیکی شۆڕشگێڕانەو هەڵوێستی کۆمەڵایەتی تێدا بێت. ئەم ڕۆژانە کەم نین ئەو یاد کردنەوانە، ئەو بە سەرکردنەوانە، ئەو سەما نیعترازیانەی کە لە سۆسیال مێدیا دەیانبینین، ئەو کردە کۆمەڵایەتیە پڕ لە هەستانەی کە جار هەیە دەمانکاتە گرین و جاریش هەیە وەکوو قاوەیەکی تاڵ ڕاماندەپەڕێنێ و ئەرکەکانمان دەدات بە گوێماندا. ئەوانە هەمووی هەوێنن بۆ لاوانی شۆڕشگێڕ، بۆ ئەوەی کە هونەر و جوانی و ژیان و گۆڕان بە یەکەوە گرێ بدەن و بیکەن بە ئامرازی ڕزگاری. دووەم: دەبێت چاوەڕێی جەماوەر نەبێت کە بێن بۆ بینینی شانۆ، بەڵکوو ئەو بڕواتە ئەو شوێنەی جەماوەری لێیە و دیالۆگ بکات لەگەڵ جەماوەردا، «بەرکار» نەبێت و وەکوو شانۆی چینە خۆش نشینەکانی ناو هۆڵ، یان با لانیکەم بڵێین وەکو بارودۆخی ئاسایی پاڵ دانەوەی ناو هۆڵ «بەرکار» نەبێ و «خۆ عەرز نەکات». ئەوە بینەر نەبێ کە بە بینین تین بە بوونی شانۆکە دەدات، بەعەکسەوە شانۆ «کارا » بێت و هەمووان بکات بە بەشێک لە شانۆ و شانۆ بکات بە هێزی وزە و ناوزی کۆمەڵایەتی، بە تاکتیک و تکنیکی وزە لەبەک گرتن و وزە شکاندنی دوژمن. سێهەم، گروپ ئەگەر گروپی کێو پێوان، گروپی یاری تۆپی پێ، گروپی هەڵپەڕکێ، یان هەر جۆرە مەبەستێکی تر کۆمەڵێ کەسی لێک هەڵپێکابێ دەتوانێ ببێتە سەرتایەک بۆ نواندی هونەری کۆمەڵایەتی. وەکوو باسکرا بارودۆخی قەیراناوی و تەیاری کۆمەڵایەتی، تینوی کارا کردنەوەی نواندی هونەریە لە پێناو پێشخستن و ڕزگاری کۆمەڵایەتیدا

***

دوو شێعر لە شێعرەکانی هەژان

" نێرە دەنگی شەقامە بە کاتی ڕاپەڕی"

نێرە دەنگی شەقامە بە کاتی ڕاپەڕین
لە چاوی شەقامەوە دێمە ژوورێ و دەگەڵتان دەدوێم
ئەی هەڤاڵانی جەرگەی دژ بەزێن
لە گەرووی شەقامەوە دەنگتان دەستێنمەوە
ئەی ئەوانەی بەردەوام
هەستی ئالتوونیتان دەدەوشێ
ئەوا دیسان شەقام
بۆتە مەکۆی دڵداران و
لە ئاستانەی هەر شەقامێکی دەنگ هەڵبڕان دا
لە دەسپێکی هەر کۆڵانێکی ساوا دا
من بە چاوی خۆم دەبینم
کە چاێن پەپوولەکان
ئەویندارانە خۆ لە گڕ داوێن و
دەبنە یەک پارچە ئاگر
ئێستا شەقام جەستەی هەڤاڵانمە
ئێستا شەقام لە سەر پێیە و
گەرووی بە سەر زامی جەستەی هەڤاڵان دا دەپشکۆێ
ئێستا شەقام باڵای ئەو دەستانەیە،
کە تێکڕا، هاوەدەنگ و هاوسۆز
بەرزبوونەوە و بەستە دەچڕن
ئێستا شەقام بۆتە گوولستانێکی چڕ و
هەر گوولاڵەسوورەیە تێدا دەپشکوێ
ئێستا شەقام دەنگی ڕەسەنی ئەم گوولاڵە سوورانەیە.

لە گەرووی ئەم دەنگانەوە ،
هەر شەقامە سوور دەنوێنێ ،
هەر شەقامە بەرز دەنوێنێ،
هەر شەقامە ڕەنگی ئاسۆم
لە داوێنی هەڤاڵانم دەگەڕێنێ و
هێور هێور دەبنە ڕەنگی ئەو ئاسۆیەی
کە هەموو ڕۆژێ "ژینا"کانمی پێ دەنەخشێ
"ئیکا"کانمی پێ دەنەخشێ
"سارینا"کانمی پێ دەنەخشێ و لە "سەحەر"ی زەمانەوە
تێکەڵ بە ڕەنگی گوولاڵە سوورەکانم دەبێت
***
بەڵام لەوبەری شەقامەوە
لەوبەری ئێش و زامەوە
داوەڵەکان داکووتراون
دڵنیا بن ناخەلەسێن ئەی داوەڵەکانی کوشت و کوشتار
ئەی داوەڵەکانی لە سایەی خۆ بەزیو و ترساو
ئێوە چەقاون بۆ ترسانی یەک و یەکتر ڕەتان!
نە بۆ کپاندنی دەنگی شەقامی ڕاساو!
دەسا بار کەن بڕۆن ئەی داوەڵەکانی ئاستەنگی شەقام
ئەی داوەڵەکانی زەندەق چووی لە داوەڵیش ترساو
بار کەن بڕۆن، ئێوە کە شێخی ترساو داوەڵتانە
سەیر کەن، سەیر کەن، چ پەریشان و هەراسان، ڕەنگی ڕوو لە دۆزینە
بار کەن بڕۆن ، ئێوە کە تەفەنگی شاتان خۆتی خیانەتی خەلەستووە
ئەسلەحەی دەستان چلکی پاڕەی هەڵمژتووە
بار کەن بڕۆن لەم پاییزە دڕەنگ داهاتە دا
شەقامەکان تێکڕا هەموو
جەڵەدی یەکیان وێکخسووتووە
دەنگەکەن هەموو، سۆزی یەکیان ڕێکخستووە
گوولاڵەسوورەکانی سەر شەقامیش
تێکڕا هەموو، ڕەنگی ئازادیان لێنیشتووە
بار کەن بڕۆن، بار کەن بڕۆن ! سەیری ئەم پاییزە دەرنگ داهاتە بکەن
کە چلۆن بای سەربزێو
قانگەلاشک و هەرچی ویشکەڵە،
بەدەم خۆیەوە دەیڕەتێنێ .
بار کەن بڕۆن، ئێمە هەڤاڵانی سەر شەقام
تەنیا شەقام هاوڕێمانە
تەنیا بڕوا وزەی هەستی سەرێمانە
تەنیا سیلاحی دەستمان
"خوێنی دەماری یەک بە یەکمانە"
دەنگی تفەنگمان پێکەنینە لە هەر چوار لاوە
لە سەر لێومان چەکەرە دەدا و
شەقامیش دەنگی دەستێنێتەوە و پڕ بە گەرووی دەچرکێنێ
نێرە دەنگی شەقامە بە کاتی ڕاپەڕین.

" سنە"

(بۆ خۆڕاگری قارەمانانەی شاری سنە)

سنە شاری سەرهەڵدانە
شاری بیر و داهێنانە
شاری ئاخێز و پێشڕەوە
شاری دادی بە بڕەوە
شاری شۆڕشە و شۆڕشگێڕ
دەروازەی لاوانی بوێر
بۆ ڕچەی نوێ مەتەرێزە
بیری لاوانی بەهێزە
شاری پاڵپشتی هەژارە
شاری "بنکە"و نوێ بڕیارە
بۆ پەیامی دەنگی شەقام
تێکڕا بوونە بەستە و مەقام
ئەو بەستەیەی بیری گەل بوو
ئاهەنگی هەڵوی سەر کەل بوو
ژن، ژیان، هەتا ئازادی
گش ڕابوونە لە بێدادی
دەنگی شەقامت پیرۆزە
سۆزی گەلانت هاوسۆزە
دەنگی شەقام دەنگی ژینە
دەنگی بزاڤ و جمینە
شەقلی ڕەها بۆ بێدادی،
بۆ خەملینی ڕێی ئازادی،
جمەی ئاخێزی شەقامە
هەر دەنگەی هێما بۆ زامە
ئاخێزەران تێکڕا هاوەدەنگ
بەدەنگی هاوسۆز و هاوسەنگ
شەقام وەجووڵە دێتن
گەرای ئازادی دەچێتن
سات بە ساتی دەنگ دەبڕێ
گەرووی شەقامە دەپشکوێ
ژن، ژیان، هەتا ئازادی
گش ڕابوونە لە بێدادی
****
داوای شەقام حەقە و ڕەوا
ئاسۆی شەقام ڕوون وەک چرا
ئەو دەنگانەی بە خوێن خەملێن
بۆ ئازادی بۆ گەشەی ژین،
بەرزەفڕی دەنگەکانن
ڕایەڵ و پۆی شەنگەکانن
ئەو شەنگانەی بوونە هاوار
گڕپەیکەردی دڵی شەوگار
ئەو دەنگانەی بوونە پەیام
بوونە ئاڵا و بەرزی شەقام
شەقام یەکپارچە ڕاساوە
تان و پۆی بە خوێن خەملاوە
تێکڕا دەنگیان هەڵبڕیوە
بەستەی سەربەستیان چڕیوە
ژن، ژیان، هەتا ئازادی
گش ڕابوونە لە بێدادی
***
سنە تۆ چاوەی گڕکانی
دەنگی بزاڤ و ڕسکانی
سنە! هەوێنی خەباتی
مسۆگەری ڕێی نەجاتی
بووی بە گەرووی دەنگی شەقام
بووی بە تۆوی ڕەنگی شەقام
شەقام بە تۆ لە سەر پێیە
"پێتی ژینی بۆ گەل پێیە"
تۆ دەنگی بۆ ژین و ژیان
ئەو دەنگەی دووحاڵە و دووگیان،
ژن، ژیان، هەتا ئازادی
گش ڕابوونە لە بێدادی.

***

ئاماری ناخ هەژێنی هاوسەرگیری منداڵان

لە بەهاری ساڵی ١٤٠١ ژمارەی هاوسەرگیری ١٤٢١٨٦ و ژمارەی جیابوونەوە ٤٣٨٠٠٠ بووە. مامناوەندی تەمەنی یەکەم هاوسەرگیری لە شارەکان بە بەراورد لەگەڵ ناوچە گوندنشینەکان زیاتر بووە، بەجۆرێک ئەم پێوەرە لە بەهاری ساڵی ١٤٠١ بۆ پیاوان ٢٧.٨ ساڵ و بۆ ژنان ٢٣.٧ ساڵ بووە. بەپێی ناوەندەکانی ئامار، لە نێوان بەهار و پاییزی ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٠ هەزار حاڵەتی هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ و هەزار و ٨٥ حاڵەتی لەدایکبوون لەلایەن دایکانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵەوە لەوڵاتدا ڕوویانداوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئیتلاعات ئانلاین، ناوەندی ئامار لە سێ چارەکی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بارودۆخی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئێران بڵاو کردووەتەوە و جگە لە دیاریکردنی ژمارەی هاوسەرگیری و تەڵاق بەپێی گرووپە تەمەنییەکان، ژمارەی ئەو منداڵە لەدایکبوانەی کە ناونووسکراون و هەروەها گرووپە تەمەنییەکانی دایکان و باوکەکانیشی دەستنیشان کردووە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە، لە بەهاری ساڵی ١٤٠١دا ژمارەی ڕووداوەکانی هاوسەرگیری ١٤٢١٨٦ و جیابوونەوە ٤٣٨٠٠ ڕووداو بووە. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: مامناوەندی تەمەن لە کاتی هاوسەرگیری یەکەمدا لە ناوچە شارییەکان زیاتر بووە لەچاو ناوچە گوندنشینەکان، بە جۆرێک ئەم پێوەرە لە بەهاری ساڵی ١٤٠١ بۆ پیاوان ٢٧.٨ ساڵ و بۆ ژنان ٢٣.٧ ساڵ بووە.هەر لەو ماوەیەدا ١٨٩ حاڵەتی جیابوونەوە بۆ پیاوان و ٣٢٥٦ حاڵەتی جیابوونەوە بۆ ژنان لە گرووپی تەمەنی ١٥ بۆ ١٩ ساڵ، هەروەها ١٧٩ حاڵەتی جیابوونەوە بۆ کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ تۆمارکراوە. زۆرترین حاڵەتی جیابوونەوە بۆ پیاوان لە گرووپی تەمەنی ٣٠ بۆ ٣٩ ساڵدا ١٨ هەزار و ٧٣٣ حاڵەتە و بۆ ژنانی هەمان گرووپی تەمەن ١٦ هەزار و ٥٩٢ حاڵەت بووە. لە ڕاپۆرتی بارودۆخی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئێران لە هاوینی ساڵی ١٤٠١دا، ڕێژەی هاوسەرگیری و تەڵاق بەشێوەی ڕیزبەندی ١١٢ هەزار و ٦١٠ و ٤٩ هەزار و ٦٤٨ کەس بووە. تێکڕای تەمەنی یەکەم هاوسەرگیری بۆ پیاوان ٢٨ ساڵ و بۆ ژنان ٢٣.٧ ساڵ بووە. هەر لەو ماوەیەدا ٦ حاڵەتی هاوسەرگیری کوڕانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ و ٥٩٧٠ حاڵەتی هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ تۆمار کراوە. هەروەها ٢٠١ حاڵەتی جیابوونەوەی پیاوان و ٣٦٣٥ حاڵەتی جیابوونەوەی ژنان لە گرووپی تەمەنی ١٥ بۆ ١٩ ساڵ و ١٧٦ حاڵەتی جیابوونەوەی کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ تۆمارکراوە. زۆرترین حاڵەتی جیابوونەوەی پیاوان لە گرووپی تەمەنی ٣٠ بۆ ٣٩ ساڵدا ٢١ هەزار و ٢٧٥ حاڵەتە و بۆ ژنانی هەمان گرووپی تەمەن ١٨ هەزار و ٨٩٤ حاڵەت بووە. هەروەها ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری نەتەوەیی ئێران لە پاییزی ساڵی ١٤٠١دا نیشان دەدات کە ڕێژەی هاوسەرگیری و تەڵاق بەپێی ڕیزبەندی ١٣ هەزار و ٦٠٦٤ و ٥١ هەزار و ٦٩٠ کەس بووە. لەم کاتەدا تێکڕای تەمەن لە یەکەم هاوسەرگیریدا بۆ پیاوان ٢٨ ساڵ و بۆ ژنان ٢٣.٨ ساڵ بووە. لەهەمان ماوەدا ٢ حاڵەتی هاوسەرگیری کوڕانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ و ٦٩٣٠ حاڵەتی هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ تۆمارکراوە، هەروەها ٢٥٢ حاڵەتی جیابوونەوە بۆ پیاوان و ٣٨٠٩ حاڵەتی جیابوونەوە بۆ ژنان لە گرووپی تەمەنی ١٥ بۆ ١٩ ساڵ، هەروەها ١٩٦ حاڵەتی جیابوونەوە بۆ کچانی کەمتر لە ١٥ ساڵ تۆمارکراوە. جێگای ئاماژەیە کە زۆرترین ڕێژەی تەڵاق بۆ پیاوان لە گرووپی تەمەنی ٣٠ بۆ ٣٩ ساڵ دوو هەزار و ١٩٦٠ حاڵەت و بۆ ژنانی هەمان گرووپی تەمەن، ١٩ هەزار و ٥٩٠ حاڵەتە. لە کۆبەندی ئەم ڕاپۆرتانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە نێوان بەهار و پاییزی ساڵی ڕابردوودا، بەپێی ئاماری ناوەندی ئامار، زیاتر لە ٢٠ هەزار هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ و زیاتر لە یەک هەزار لە دایکبوون لە دایکانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ لە وڵاتدا ڕوویداوە. جگە لەوەش لە هەمان ماوەی ماوەدا ٥٥١ حاڵەتی جیابوونەوەی کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ تۆمارکراوە. هەروەها بە سەیرکردنی داتاکانی ناوەندی ئاماری ئێران لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بۆمان دەردەکەوێت کە زیاتر لە ١٣١ هەزار کچی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ لەو وڵاتە هاوسەرگیریان کردووە

***

هاروهاجی قوتابیان یان تیرۆریزمی شیمیایی کۆماری ئیسلامی؟

هێرشی گازی شیمیایی بۆسەر قوتابخانەی کچانە لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران هەروا دریژەی هەیە و هەر ڕۆژە و ناوی شار و قوتابخانەیەکی تازە کە هێرشی جەنایەتکارانە کراوتە سەر ژیانی کچانی لاو، بە لیستەکەوە زیاد دەبێت. لە یەک حاڵەتدا شاهیدانی عەینی لە مەدرەسەی کچانەی ئەنساری وتویانە کە بەرپرسانی قوتابخانە، درگایان داخستوە و تەنانەت نیجازەی تەلەفون کردنیان بە قوتابیەکان نەداوە بۆ بنەماڵەکانیان. هەروەها لە مەدرەسەی ئالی یاسینی "شاهین شار" بنەماڵەکان ناچاربوون درگای قوتابخانەکان بشکێنن و بچن بە یارمەتی قوتابیانی کچەوە. خامنەیی کە لە سوخەنڕانی پێشوی خۆیدا بە کردنی کۆمەڵێک قسەی ناکۆک هەوڵی دا نیشانی بدات کە ئامادەی قبوڵ کردنی ڕادیەیەک لە پاشکۆیە لە بەرانبەر حیجابدا، ئێستا پێی لە "توندڕەوەکانی" ئاتەش بە ئیختیار"یش دڕێژتر کردوە و بێ حیجابی بە" حەرامی سیاسی و دینی" ناو ناوە. ئەو بەم قسانە دەیەوێ زەمینە بۆ ئامادەکردنی یاسایەکی سەختگیرانەتر سەبارەت بە حیجابی نیجباری ئامادە بکات. لەم پەیوەندیەدا جێگری ئەمنیەتی وەزیری ئێوخۆز سەبارەت بە تیرۆریزمی حکومەتی دژبە قوتابیان بەوپەڕی بێ ئابڕوییەوە وتی:" ئەو چەند حاڵەتەی کە ڕویداوە زۆر بەرتەسک بووە، سەرپێچی و هاروهاجی بەشێک لە قوتابیەکان بۆ داخرانی کلاسەکان بووە." ئەم وێڕانە وتەی کاربەدەستێکی ئەمنیەتی ڕژێمە کە خۆیان سەبەبکار و هۆکاری ئەم سریالە تیرۆریستیە شیمیاییەن دژبە قوتابیانی کچ لە زۆربەی شار و نوستانەکانی وڵات بەتایبەت لە کوردستان.

ڕژێم بەم کردارانەی لە ڕاستیدا تۆڵە لەو کچ و ژنانەی کە ناپارتایدی جنسیەتی و هەڵاواردنی نیهادینەبوو لەدژی ژنان لەوە زیاتر تەحەمول ناکەن، دەکاتەوە. و ئەمە شەرپێکی بە تەواو مانای ڕەوانی و فیزیکیە کە لەدژی خەڵک وەرپێیان خستوە. ڕژێم بەبێ شاردنەوە و بە ڕاشکاوی و ناشکرا بە ژنان و خەڵک ئەڵێ یان بەم سیاسەتە کۆنەپەرستانە ڕازی بن و یان ناتوانن خاوەنی ئەمنیەتی گیانی و دەروونی بن. ڕژێم کە ناتوانێ بە سەدان هەزار و بە ملیۆن کەس لە ئەیارانی خۆی بخاتە گۆشەی زیندان، کەوایە بۆ بێدەنگ کردنیان و بۆ ترساندنیان دەستی داوتە هێرشی تیرۆریستی شیمیایی دژبە ژنان و کچان و دژبە سەرجەم دانیشتوانی کۆمەڵ.

بەڵام گەرانەوە بۆ قۆناغی بەر لە شۆڕشی ژینا خەیاڵێکی خاوە و نیتر جارێکی دیکە بارودۆخی پێش شۆڕشی ژینای بۆ فەراهەم نابێتەوە. بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە هەروا لە درێژەی مەسیرێک دایە کە ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی کردۆتە ئامانجی سەرەکی خۆی. مەسیرێک کە بە دەستکەوتی زۆر و بە پشت بەستن بە هێزی خۆ، هەروا خەریکە ڕێگا دەبڕێت. پەرەسەندنی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاران لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان، نارەزایەتی خانەنشینان، مامۆستایان و باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەشێکی جیانەکراوەن لە ڕێگایەک کە سێبەری شۆڕشی هەروا بەسەر کەش و فەزای سیاسی ئێراندا ڕاگرتوە. لە شۆڕسی ژینادا، ژنان و کچانی بوێر و پیاوانی ئازادیخواز بە ئاگردانی وێنەکانی خومینی و خامنەیی و سولەیمانی لە قوتابخانەکاندا و سوتاندنی سەرپۆشەکانیان، یەکێک لە بنەماکانی حاکمیەتی ئیسلامییان خستە ژێر پێوە. وەها دەور و پێگەیەک کە ژنانی ئێران لەسەرتاسەری دنیادا بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلەتی بۆ خۆیانیان دەستەبەر کردوە، بێگومان گرایشە دژبە ژنەکان لە حاکمیەتی ئیسلامیدای تووڕە و هەڵخڕانەدە.

بەڵام جمانەیتی ژاراویکردنی قوتابخانەکان لە پاڵ باقی جمانەیتەکانی ڕژیمی ئیسلامیدا کۆمەڵگا ناترسێنێت. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان. ئازادی بەرەو ئەوە دەچێت تا لە درێژە و کامڵ بوونی خۆیدا، جاریکی تر و بۆ هەتا هەتایە کۆتایی بە هەژاری و بێ بەشی و بێ مافی و کۆیلەتی ئینسان بێنێ. ژنان و کچان، لاوان و پیاوانی ئازادیخواز سەنگەرە فەتح کراوەکانیان کە بە قیمەتی فیداکاری و گیانبازی دەستەبەر بوون چۆڵ ناکەن. بەشێکی زۆر لە سەرپۆشەکان لەگەڵ عەمامەی ئاخوندەکاندا سوتێندران و خرانە زبڵدانەوە. ئازادی، یەکسانی، هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردن دژبە ژنان و دژبە کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بونەتە داخوازیەکی بەهێز و گشتی. شەڕی ڕەوانی و شیمیایی حکومەتی ئیسلامی هیچ شتێکی بێچگە لە قین و نەفرەتی زیاتری خەڵک لە ڕژیمی داگیرکەر و کۆنەپەرستی لێ دەستەبەر نایێت. ژمارەنی ئاوەژوو بۆ ڕزگار بوونی یەکجارەکی لەدەست ئەم بانده مافیایی و گەندەڵە نیسلامیە دەستی پێکردوە و سەرتای کۆتایی هاتنی ئەم حکومەت مەزهەبی و جمانەیتکارە لە ناسۆی سیاسیدا دەرکەوتوە.

***

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 427- May 2023

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

پەیامی حیزبی کومونیستی ئێران بەبۆنەی رۆژی جیهانی کرێکار

رۆژی جیهانی چینی کرێکار بەرێوەیە. لە پێشدا لە قولایی دڵەوە پێرۆزبایی ئەم رۆژە مێژووییە دەکەین لە سەرجەم کرێکارانی تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری چینی کرێکار.

رۆژی جیهانی چینی کرێکاری ساڵی ٢٠٢٣ ی زاینی لە بارودۆخێک دا دێت کە شەڕی وێرانگەری ئۆکراین، کە هیچ شتێک نییە بێجگە لە بەرەنگاری یەکتر بوونەوەی دوو بلوکی سەرمایەداری ئیمپریالیستی بە قیمەتی کوشتاری سەدان هەزار ئینسان و لەنێوچوونی ژێرخانە ئابووریەکانی وڵاتێک، هەروا درێژەی هەیە. هەروەها لە بارودۆخێک دا دەچین بەپیری جیژنی جیهانی کرێکارەوە کە ٧ مانگ بەسەر بەرپابوونی شۆڕشی ڕزگاری بەخشی" ژیان" کە پایەکانی ئیستبدادیی ڕژیمی ئیسلامی خستۆتە لەرزە، تێدەپەڕیت. شۆڕشێک کە دەستکەوتە مێژووییەکانی کۆمەڵگای ئێرانی هەنگاوێکی گەورە بەرەوپێش بردوە.

پیادەکردنی ئازایانە و بە کردەوەی ئازادی پۆشین لەلایەن ژنان و خۆڕاگری سەرسەختانەیان لە بەرانبەر سیاسەتە بێ ئاکام و وەحشیانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەو دەستکەوتە حاشا هەڵنەگرانەی تا ئێستای ئەم شۆڕشەن. لە عەینی حاڵدا لە بارودۆخێکدا کە هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی شۆڕش گۆڕانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، شاهیدی گەشە و پەرە ئەستاندنی بزوتنەوەی متالباتی کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، خانەنشینان و هێرشبەرانەتربوونی داخوازیەکانیانین، کە مانگرتنی شکۆداری ئێستای کرێکارانی ٤٣ یەکەی نەوت و پیترۆشیمی یەکێک لە درەوشاوە ترینیانە.

بەڵام چینی کرێکاری ئێران لە باری بەڕێچوون و بەهرەمەندبوون لە لانیکەمی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەوە یەکێک لە دژوارترین دەورانی حەیاتی خۆی بەسەر دەبات. بێکارسازی بەرین، نەبوونی ئیمنی پیشەیی، قەراردادی سپی ئیمزا، حەقدەستی چەند قات لەژێر هێڵی هەژاریدا، نەبوونی ڕێکخراو و تەشەکولی سەربەخۆی کرێکاری، قەدەغە بوونی مافی خۆپیشاندان، تەحەسون و کۆبوونەوەی کرێکاران، بێبەش بوون لە هەبوونی مەسکەنی گونجاو، بە شێوەیەک کە بەشێکی زۆر لە داهاتی کەمی کرێکاران سەرفی کرێ ماڵ دەکرێت، لە زومرەی بارودۆخێکە کە سەرمایەداران و ڕژیمی ئیسلامی بەسەر کرێکارانیاندا سەپاندوە.

چینی کرێکاری ئێران بێجگە لە ئیستبدادی هاری دینی بەرەوڕووی ئاستەنگی گەورەی هەژاریش بۆتەوە. تەشەکول و درێژەی خەباتی چینی کرێکار لە گرەوی خەبات لەدژی ئەم هەژارییە وێرانگەرە دایە. لەم ڕووەوە بە دیفاعی هەمە لایەنە لە زیادکرانی ٧٩ لەسەدی لانیکەمی حەقدەست و بانگهێشت بۆ دروستکردنی سندوقی سەربەخۆی هەمیاری کرێکاری دەبێ بچینە شەڕی ئەم کارەساتە. لەسەر ئەم بەستێنە دەبێ بزوتنەوەی متالباتی بە دروشمەکانی "نان، کار، ئازادی" و "نان، مەسکەن ئازادی" بە شۆڕشی ژینایەوە گرێ بدەن. هەژاری کرێکاران بۆ سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان هەم قازانجی سیاسی و هەم ئابووری هەیە. ئەم قازانجە بۆ دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی و بۆ بۆرژوازی داماو و زێدەخوازی ئێران چەند بەرابەرە. سود و سەروەت هێز و توانا ئەبەخشێتە بۆرژوازی و دەوڵەتەکانی و کرێکاران توشی موسیبەتی بێ ئەژماری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکات. هەژاری و چەوساندنەوەی زۆر و داسەپاو بەسەر بنەماڵە کرێکاریەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندامانیان بەردەوام لەژێر گوشاری ڕۆحیدا بن. کرێکاران بە منداڵ و گەورەوە خەریکی کارن، بەم حاڵەشەوە بۆ دابینکردنی ژیانێکی مەمرە و مەژی توشی ئاستەنگی گەورەن. هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی بەڕێچوون و نەهێشتنی برسیەتی و هەژاری ئەوانی بەرەوڕووی سوکایەتی رۆژانە دەکاتەوە. هەبوونی کاتی فەراغەت بۆیان محاڵە و بیرکردنەوە لە ڕێگا چارە بۆ گوڕینی چارەنووس بۆیان بەرەوڕووی کۆسپی جیدی دەبێتەوە. سەقامگیری بنەماڵەیی و تەنانەت تاکە کەسیشیان لە مەترسی بەردەوام دایە. بەم پێیە خەریکی کاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و خەبات بوون بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئینسانی و دیموکراتیک بۆیان دژوارە دەبێتەوە.

دەستەبەرکردنی وشیاری سیاسی و چینایەتی و سازمانیابی لە پاڵ هاوچینەکانیاندا بۆ ئەوان دژوارە. کاتێک کرێکاران لەسەر زەوی ڕێگای ڕزگاری نەدۆزنەوە، بواریان بۆ خۆش دەبێت تا ڕووبکەنە ئەفیونی مەزهەبی و دادپەروەری لە قیامەت و وەرگرتنی یارانە لە ئۆرگانەکانی ڕژیم. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە خاوەنانی سەرمایە و دەوڵەتەکانیان و لە ئێرانی کۆماری ئیسلامی دەیانهەوێ.

رۆژی کرێکار، هێمای خەبات لەگەڵ ئەم جۆرە موسیبەتە وێرانگەرانە. رۆژی ڕاگەیاندنی ئیدیعانامەی کرێکاران لەدژی سەرمایەداران، رۆژی ٩٩ لەسەدیەکان لەبەرانبەر یەک لەسەدیەکاندایە. لەم رۆژەدا شەقام و مەیدانی شارەکان ملکی کرێکارانن. لەم رۆژەدا، پێویستە کە چەرخی بەرهەمهێنان بە فەرمانی کرێکاران و لە ڕاستای خزمەت بە یەکگرتویی، سازمانیابی و خەبات شۆڕشگێڕانەیاندا، لە کار بکەوێ. لەم رۆژەدا بە حوکمی کۆمەڵ دەبێ نەسیمی هیوا بە ڕزگار بوونی بەشەریەت لە وەحشیگەری و بەڕبەڕیەتی نیزامی سەرمایەداری لە شوێنی کارو ژیانی خۆیان هەست پێبکەن.

کرێکاران بە حوکمی بارودۆخێکی عەینی کە تێیدا قەراریان گرتوە، دەتوانن بە وەکارخستنی زەرفیەت و تواناییەکانیان، ئەم دنیایە بگوڕن. دەتوانن نیزامێک بونیاد بنێن کە تێیدا هەموان ئازاد بن، هەموان یەکسان بن، کرێکاری موزدبگیر بگاتە ئاستی خاوەنکارەکەی. گەشەو بوژانەوەی ئابووری بێتە زۆری بەرهەمهێنان و سەرجەم پێداوستیەکانی ژیان دابین بکات و ڕیفاه جێگای کەموکورتی و بێبەشی بگرێتەوە. ئامانجی بەرهەمهێنان نەک دەستەبەرکردنی سود، بەڵکو دابینکردنی نیازەکانی ئینسان بێت، کار لە شێوەی ئیجبارەوە بێتە دڵخواز و لە ڕووی ئیختیار و هەست بە بەرپرسیاریەتی لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا بێت. هەر کەسەو بە ئەندازەیەک لە توانای دا هەیە کار بکات و بە هەر ئەندازەیەک کە پێویستی هەیە لە ئیمکانات و خزمەتگوزاری بەهرەمەند بێت. وەها دنیایەک تەنیا کرێکاران دەتوانن بونیادی بنێن. وەها ئاڵوگۆڕێک بەرهەمی شۆڕشێک دەبێت کە جەماوەری ژنان و پیاوانی کرێکار لە ڕێبەریەکەیدا بن. سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا بە دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی"، دەتوانێ سەرەتای وەها ئاڵوگۆڕێکی ڕزگاری بەخش بێت.

بەرز و بەڕێز بێت ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٤ی گوڵانی ١٤٠٢ی هەتاوی

٢٤ی ئاوریلی ٢٠٢٣ی زایینی

***

ماڵپەڕە حیزبیەکان:

پەیام سایتی سیاسی هەواڵنیری

www.payaam.net

حیزبی کۆمۆنیست ئێران

www.cpiran.net

کۆمەڵە:

www.komalah.org

دواستون

شازایەی، حەڵاڵ زایە

ن : سەلام قادری

شازایەی، حەڵاڵ زایە کاتێک باسی میراتگریی هەر پلەو پایەیەک دەکرێت، دەبێ سەرەتا لە ڕەسەنایەتی جەنابی وەرەسەکە دڵنیا ببینەوە. جەنابی شازادە کە ڕەزای کوڕی حەمە ڕەزای، ئەوەی ڕەزا شای پەهلەوییە وەکوو باب و باپیری هیوای بە دوو دیاردەیە کە بەختی پێیان بکرێتەوە، یەکەمیان وا بنوێنێت کە ڕۆژئاوا جەنابی دەناسن و چاویان لە سەر ئەوە و هەر ماوە خەڵک وەکالەتی پێ بدەن و گروپە سیاسییەکان لە پشتی جەنابیەوە بەڕیز ببن بۆ ئەوەی لە سەر سینییەکی زێرین کلیلی دەسەڵاتی ڕۆژئاواپەسەند پێشکەشی جەنابی بکرێت و هەموومان لە زیندانی ئەو زنجیرە کێشەو تەنگژە جۆراوجۆرانەی کۆمەڵگای ئێرانی تەنیوە ڕزگارمان ببێت، لە لایەکی ترەوە جەنابی خۆی بە ڕزگارکەری ئێران لە دابەشبوون «تەجزیە» دەناسێنێ، ئەوەش پشتی بە دروستکردنی ترسێکی وەهمی بەستووە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیژمارەیەکی زۆرتری نەتەوەچیەکانی ئیێان و ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی وەکوو سپا و ئەرتەش و هێزە ئینتزامییەکان لەژێر چەتری ملوکانەی ئەعلا حەزرەتدا ئاسان بکاتەوە. جەنابی کە لە بەراورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خۆی پێ زۆر ڕزگایخوازەو ئەوەی بە زاریدا دێنێ هیچ نییە جگە لە دیموکراسی و سکۆلاریزم ورفاه و ئاوەدانی وڵات، پێمان ناڵێت بۆ ئەوەی لە چاڵی جمهوری ئیسلامییەوە نەکەوینەوە ناو چاڵی حکوومەتێکی وەکوو حکوومەتی کودەتایی حەمە ڕەزای باوکی، بۆ ئەوەی لە ژێر ناوی سکۆلاریزم و دیموکراسی و بەرژەوەندی وڵات دەستاودەست نەبین لە بەینی ساواک و (وزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کشوەر) بۆ بەردەستی ساواک(سازمانی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کشوەر) میکانیزم و بەرنامەی ملوکانە چییە؟ ڕەنگە بفەرمێت: « ئەوەندەش ساویلکە نیم دوبارە ناوی سازمانی سەرکوت بنێمەوە (ساواک)»، ڕەنگە ناوی بگوڕێ بۆ ڕاواک یان داواک، بەڵام بەپێی ئەو ترسەی جەنابی هومایونی دروستی کردووە لە تەجزیەی وڵات، ناوی هەرچی بێت، ناوەڕۆکی هێزی لەو جۆرە هەمان دەبێت کە بووە. سەبارەت بە خۆیشی، جیا لەوەی کە جەنابی ڕەزا پەهلەوی ناوەکەی دووبارە بوونەوەی ناوی باو و باپیریەتی و لانیکەم ئەگەر پاشایەتی دووبارە بە دیاری بهێنێتەوە بۆمان، لانیکەم مەرحەمەتیان نەفەرموگە ناوی شاکەمان بۆ بگۆڕن با ئەو هەمووە ڕەزا بە نارەزا حوکمان نەکات. بە تایبەت چون ئەم ڕەزایە دێموکرات و سکۆلارە، دەبێ لەوە تێبگات کە لە دێموکراسیدا هەردوو سەر دەبێ ڕەزا بن، ئەگەریش هەر یەک ڕەزا بە دەستەوە بوو، ئەوە دەبێ ڕەزای جەماوەر بێت؛ دەنا قشقەرەیش بکەی بە شا ، هەرڕەزا دەبێت. لە کۆتاییشدا لە هەموو ئەمانە کە بگوزەرێین دەبینین شازایە حەڵازایەس چونکە ئەگەر بە ناویش لە باوک و باپیری نەچووبایە، بە ناوەڕۆک هەر وەکوو ئەوانەو بە کەمتر لە تەواوەتی عەرزی ڕازی نابێ. هەڵبەت ئەگەر بەویژدان بین دەبێ ئەوەیش بڵێین، عەبدێکی ئەڵا کە نامانەوێ ناوی ببەین بۆ ئەوەی کارەکەی لە خێر دەرنەچێت، ڕیشی لەگەڵەو ناوەوجەنابیشی نەرمی نواندووەومەرحەمەتی فەرمووە کردوویە بە یەکپارچەیی سەرزەمینی. جا پشت بە ڕۆژئاوا و شەعبانەکان کە ساڵها خزمەتی ناو سپای پاسداران بێ مۆختریشی کردوون، کار نییە شازایە دروستی نەکات، بە تایبەت ئەو شازایەی کە گفت و لفتی دڵنیای کردووین حەڵازایەس.

***